# دەربارەی «هەقیقەت و سوبێکتیڤیتە»

گفتوگۆیەکی کراوە و فراوان لەگەڵ میشێل فوکۆ

**وەرگێڕانی: سەروان ئەحمەد**



١٤ی شوبات، هزر، هەڤپەیڤین

ئەمە گفتوگۆیەکی گشتی و کراوەیە بە زمانی ئینگلیزی کە لە بیست و سێیەمی ئۆکتۆبەری ١٩٨٠ لە زانکۆی کالیفۆرنیا لە بێرکلی بەڕێوە چووە، کە تێیدا فوکۆ هەندێک لە تێگە باسکراوەکان دووبارە دەکاتەوە و وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە کە سەبارەت بە کارەکانی خۆی خراونەتەڕوو.

**پرسیارکەری یەکەم:** وا دێتە بەرچاوم کە لێرەدا گریمانەیەکی تەواو جیاوازی دانپێدانان بوونی هەیە، واتە ئەو پێکهاتە دامەزراوەیەی کە وەسفت کرد و دەمەوێت بزانم کتێبی **دانپێدانانەکان**ی قەدیس ئۆگەستین چۆن لە چوارچێوە یا نەخشەکەی تۆدا جێ دەگرێت؟ ئایا ئەم کتێبە جۆری سێیەمی دانپێدانان پێناسە دەکات؟

**فوکۆ:** بەڵێ، تەواو هەق بە ئێوەیە. من شرۆڤەیەکی تا ڕادەیەک تێروتەسەلم دەربارەی قەدیس ئۆگەستین ئامادە کردبوو، بەڵام ئەڵبەتە دەرفەتی خوێندنەوەیم نەبوو[١]. ئەگەر لە [فیکری] قەدیس ئۆگەستیندا زیاتر جەخت لەسەر ئەو شتە دەکەمەوە کە باوکانی یۆنانی بە *exomologesis* و *exagoreusis* ناویان دەبرد، [ئەوا] لەبەر ئەم هۆکارەیە کە *exomologesis* و *exagoreusis* یەک شێوازی دانپێدانانی بەدامەزراوەییکراون و، تەواوی تایبەتمەندییەکانی دامەزراوەکانیان هەبوو: *exomologesis* و *exagoreusis* کۆمەڵێک پابەندبوونیان دەسەپاند بەسەر خەڵکیدا، و گۆڕانکارییەک، چەشنی هەموو دامەزراوەکان، بە درێژاییی مێژووی کڵێسا و بە درێژاییی مێژووی مەسیحییەت. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، دانپێدانان بە گوناهەکاندا، تێکەڵەیەکی سەیری *exomologesis* و *exagoreusis*؛ و هەر لەبەر ئەمەیە کە بەر لە هەر شتێک جەختم لە سەر ئەم دوو

---

[١]. فوکۆ چەند ڕۆژێک دواتر لە سەرەتای مانگی نۆڤەمبەری ١٩٨٠ لە سیمینارێکدا بە زمانی ئینگلیزی کە لەگەڵ ڕیچارد سینیت [Richard Sennett] لە گرووپی توێژینەوەکانی ئەدەبیات و زمانی یۆنانی و لاتینی زانکۆی نیۆیورک بەڕێوەی برد، بە تێروتەسەلییەکی زیاترەوە دەربارەی قەدیس ئۆگەستین قسەی کرد. بەشێک لەم سیمینارە لە ١٩٨١ بە ناونیشانی «سێکسواڵیتە و تەنیایی» چاپ کرا. بگەڕێنەوە بۆ:

M. Foucault, «Sexualité et solitude», conférence, cit., p. 987-997.

لەگەڵ ئەمەشدا، لەم سیمینارەدا فوکۆ نەگ گرنگی بە دانپێدانان، بەڵکە گرنگی بە «لیبیدۆییکردنی سێکس» و «شێوازێکی تازەی تێگەیشتن لە خود [soi] وەک بوونەوەرێکی سێکسی» دەدات کە مەسیحییەت و بە تایبەت قەدیس ئۆگەستین لە [*La Cité de Dieu* ***شاری خودا***] و [*Contra Julianum* ***دژ بە جولیان***] پێشنیاریان کردبوو. بگەڕێنەوە بۆ: *ibid.*, p. 993-996.

تێگەیە کردەوە. مەبەستم بوو قسە لەسەر قەدیس ئۆگەستین بکەم؛ و ئەوەی کە پێویستە دەربارەی قەدیس ئۆگەستین بیڵێم ئەوەیە کە لە ***دانپێدانانەکان***دا خەسڵەتێک دەدۆزینەوە کە لێکنزیکی هەیە لەگەڵ ئەو شتەدا کە باوکانی یۆنانی بە *exomologesis* ناویان دەبرد: قەدیس ئۆگەستین دەیویست خۆی وەک یەک گوناهکار نیشان بدات، یا نیشانی بدات کە چۆن بووە بە یەک گوناهکار کاتێک کە لاو بووە و هتد؛ بە گومانم ئەم ئاشکراکردنەی بوونی وەک یەک گوناهکار لە بەردەم هەمووواندا شتێکی ئێجگار گرنگە لە نووسینی ***دانپێدانانەکان***دا. ئەڵبەتە خەسڵەتێکی *exomologesis*یش لەو کتێبەدا بوونی هەیە، چون ویستوویەتی لەو شتەدا ورد و قووڵ ببێتەوە کە لە ئەودا ڕوو دەدا، لە شێوەی بیرکردنەوەیدا و لە شێوازی ژیانکردنیدا ڕوو دەدات. بەڵام، بە دڵنیاییەوە، دوو جیاوازیی گرنگ بوونی هەیە: یەکەمین جیاوازی، بێگومان، ئەمەیە کە ***دانپێدانانەکانی*** بۆ هاوڕێکاتی نووسیبوو. قەدیس ئۆگەستین پەیوەست بوو بە یەک ئەڵقەی بیرمەندانی مەسیحییەوە، و لە شاری میلان لەگەڵ ئەواندا ژیانی بەسەر دەبرد، و لە شاری هیپۆن، کە ***دانپێدانانەکانی*** تێدا نووسی، هەروەها ئەڵقەیەکی تری هاوڕێیانی هەبوو، و ئەم کتێبە شرۆڤەیەک بوو بۆ هاوڕێیان دەربارەی شێوازی تایبەتی ئەو لە [*metanoia*تەوبە]دا. و ئەم کارە هاوشێوەی ئەو شتەیە کە لە هەندێک لە قوتابخانە فەلسەفییەکانی یۆنانی کۆندا ئەزموون دەکرا، بۆ نموونە لەنێوان ئەپیکۆرییەکاندا. ئەم خاڵە، واتە شێوازی گوتنی ئەو شتەی کە لە ئێوەدا ڕوو دەدات، ژیانتان چی بووە و هتد بە هاوڕێکانتان، نەریتێک بوو لە قوتابخانە فەلسەفییەکاندا[٢]. و دووەمین خاڵ ئەمەیە کە جیاوازییەکی زۆر گەورە بوونی هەیە لەنێوان هەڵکۆڵین یا تاقیکردنەوەی ئەندێشەکان لە نەریتی زوهدگەرایی ئیڤاگریوس پونتیکوس[٣]

---

[٢]. بگەڕێنەوە بۆ: HS, p. 347 et 372-374 کە تێیدا فوکۆ بە تایبەت دەربارەی ئەپیکۆرییەکان قسە لەسەر «ئەرکی بێ ڕوودەربایسی یا ڕاشکاوبوون لەگەڵ هاوڕێیان و گوتنی هەموو ئەو شتەی کە لە دڵتدایە» دەکات.

[3]. Evagrian ponticus

که کاسیانوس نوێنەرایەتی دەکرد و بابەتی ***دانپێدانانەکانی*** قەدیس ئۆگەستین. نەک ئەندێشەکان یا *logismoi* یا *cogitationes*، بەڵکە *cordis affectus* [هەستەکان و جۆشی دەروونی] جێی سەرنجی قەدیس ئۆگەستین بوو، نەک جووڵەکانی ئەندێشە، بەڵکە جووڵەکانی دڵ[٤]. و پێم وایە کە ئەمە شتێکە تەواو جیاوازە. بەڵام بە گومانم یەک نەریتی ئەدەبی و فەلسەفی بە دڵنیاییەوە زۆر گرنگ لە مەسیحییەتدا بوونی هەیە کە هەرگیز، بە لایەنی کەمەوە تا بەر لە بزووتنەوەی دژە-چاکسازیی ئایین[٥]، بەدامەزراوەیی نەکرا. و گەڕانەوە بۆ قەدیس ئۆگەستین لە مەزهەبی کاسۆلیکی ڕۆژئاواییدا، لە سەرەتای سەدەی هەڤدەیەمدا، گرنگیی *cordis affectus* بەرجەستە دەکات. ئەڵبەتە پێم وایە ئەمە چیرۆکێکی ترە.

**پ. یەکەم:** مەبەستت ئەمەیە کە قەدیس ئۆگەستین تێکەڵەیەکە لەنێوان نەریتی فەلسەفی و نەریتی باوکانی کڵێسادا؟

**فوکۆ:** بەڵێ. و بێگومان گرنگیی تیۆرتیکی و پراکتیکیی دۆکترینی قەدیس ئۆگەستین لە مەسیحییەتدا بەرچاو و مەزنە، بەڵام پێم وایە کە باڵادەستیی ***دانپێدانەکان*** لەم لایەنەوە و خودی کتێبەکە وەک یەک نەریتی تیۆرتیکی و ئەدەبی سنووردارە، و کاریگەرییەکی زۆری لەسەر دامەزراوەکان، کردارەکان و ئەم تەکنەلۆژیایەی خود نەبووە. پێم وایە کە ئەم کاریگەری و باڵادەستییە تا سەدەی هەڤدەیەم تا ڕادەیەک گرنگییەکی ئەوتۆی نەبووە، و پاشان لە سەدەی هەڤدەیەم گرنگییەکی ئێجگار زۆری وەرگرتووە.

---

٤. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر دەربارەی «cordis affectus» لە***دانپێدانانەکان***دا، بگەڕێنەوە بۆ:

P. Brown, *La vie de Saint Augustin*, paris, Seuil, 2001, p. 219-221.

5. Counter-Reformation

**پ. یەکەم**: وا دەردەکەوێت کە هەمیشە قسە لەسەر نەریتی کاسۆلیکی دەکەیت. بەڵام بە باوەڕی تۆ ئایا لەنێوان قەدیس ئۆگەستین و نەریتی لۆسەری[6]دا چ پەیوەندییەک هەیە؟ ئایا ڕەگێکی پرۆتستانتیش لە دانپێدانان و خود-هەڵکۆڵین یا تاقیکردنەوەی خوددا هەیە؟

**فوکۆ**: بەڵێ. زۆر بە کورتی دەبێت بڵێم کە یەکەم، یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکانی بزووتنەوەی چاکسازیی ئایین و بزووتنەوەی لۆسەریی چاکسازیی ئایین، بریتی بوو لە ڕایەڵی نێوان پەیوەندی لەگەڵ هەقیقەت و پەیوەندی لەگەڵ خود. ئایا گەیشتن بە ڕووناکی و هەڵکۆڵینی قووڵاییەکانی ڕۆح وەکیەکن؟ لە دیدی نەریتی کاسۆلیکیدا، ئەمانە دوو شتی تەواو جیاوازن و تا ڕادەیەک پەیوەندییان لەگەڵ یەکتردا نییە. گرفتی لۆسەر کەشف یا دووبارە کەشفکردنەوەی پەیوەندییگەلێک بوو کە لە مەسیحییەتی سەدە یەکەمینەکاندا بەڕاستی لەنێوان دوو شێوازی ئیشراق[7]دا بوونی هەبوو، ئیشراقی خود و ئیشراق لەگەڵ ڕووناکیی خودایی. گرفتی خوێندنەوەی کتێبی موقەدەس، خوێندنەوەی ئەزموون و خوێندنەوەی ئەزموونی ئایینی وەک پێوەری بنچینەیی هەقیقەت نموونەیەکە لەم پەیوەندییە تازانە یا نموونەیەکە لەم پەیوەندییە تازەکراوانەی نێوان ئەم دوو شێوازەی ئیشراق[8]. و بە گومانم هەروەها شتێکی زۆر گرنگ لای لۆسەر بوونی هەیە، واتە ئەو

---

[6]. Lutheran tradition

[7]. illumination

[8]. فوکۆ لە ماوەی وانەی ٣٠ی ژانویەی ١٩٨٠ لە وانەوتاری ***دەربارەی بەڕێوەبردنی زیندووەکان***دا، گرنگی بەم گرفتە دەدات و تێیدا مەزهەبی پرۆتستانت وەک «شێوازێکی گرێدانی سیستەمی دانپێدانان بە سیستەمی هەقیقەت» پێناسە دەکات کە وا دەکات کە پەیڕەویکردن لە ناوەڕۆکی ئیمانی دۆگماتیک و چەقگیر «هەمان فۆرمێک وەربگرێت کە پەیوەندیی خود لەگەڵ خود لە سوبێکتیڤیتەی هەڵکۆڵەری خۆی» هەیەتی. بگەڕێنەوە بۆ: GV, p. 83-84. لە وانەی ٢٩ی نیسانی ١٩٨١ لە وانەوتاری لۆوڤەیندا، فوکۆ بە ڕوونییەکی زۆر زیاترەوە ڕوونی دەکاتەوە کە مەزهەبی پرۆتستانت «هەنگاوێکی گەورە بوو کە کولتوری ڕۆژئاوایی، کولتوری ئەوروپایی یا مەسیحییەتی ڕۆژئاوایی بەم هەنگاوە هەوڵی دا [...] پەیوەندیی نێوان ئەرکی ئیمان بە هەقیقەت و ئەرکی

دەیویست لە نەریتی دادوەریی چەسپاوی کڵێسا و لە ئەزموونی کاسۆلیکیلە سەدەی سیازدەیەم بەدواوە[9] ڕزگاری ببێت، چون پێم وایە کە لە مەزهەبی کاسۆلیکی ڕۆژئاواییدا یان لە مەسیحییەتی ڕۆژئاوایی لە سەدەی سیازدەیەم بەدواوە، فۆرمێکی دادوەری سەربار کرا بۆ سەر تەواوی پێکهاتەکانی ئەزموونی ئایینی کە یەک فۆرمی سیاسی بوو. و، بۆ نموونە، دانپێدانان بە گوناهەکاندا تێکەڵەیەکە لە *exomologesis*ی نەریتیکە وەک ڕێورەسمی تەوبە تا سەدەی شانزەیەم پارێزرا، بەڵام لە بڕگەیەکی زۆر کەمبایەخدا و لەگەڵ ڕۆڵێکی ئێجگار بچووکدا؛ و *exagoreusis* کە دامەزراوەیەکی ڕەهبانی بوو؛ و هەروەها شتێکی تر کە پێکهاتە نوێیەکانی دادوەری بوو، واتە کۆمەڵێک ڕێوشوێنی تازەی دادوەری لەگەڵ دانپێدانان بە گوناهدا وەک بڕگەی بنچینەیی ئەم پێکهاتەیە[10]. دانپێدانان

کەشفکردنی شتێک لە خوددا کە یەک هەقیقەتە و دەتوانێت هەقیقەتی دەق و لە هەمان کاتدا هەقیقەتی خود بێت دووبارە لەنوێ و لە چێوەی زاراوەگەلێکی تازەدا بخاتە ڕوو». بگەڕێنەوە بۆ: MFDV, p. 90.

[9]. فوکۆ لە وانەی ١٣ی مایسی ١٩٨١ لە وانەوتاری لۆڤەیندا جەخت دەکاتەوە کە لە سەدەی دوازدەیەم-سیازدەیەم بەدواوە کڵێسا گۆڕا بۆ «دامەزراوەیەک کە لە ناویدا پەیوەندییەکانی نێوان خودا و مرۆڤ لە بنچینەدا چێوەی قەزایی و دادوەریی وەرگرت» و «بزووتنەوەی چاکسازیی ئایین- لۆسەر و کالڤن- هەوڵێکی مەزنە بۆ سڕینەوەی چێوەی دادوەریی پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤ و خودا». بگەڕێنەوە بۆ: MFDV, p. 185.

[10]. فوکۆ لە وانەی ١٣ و ٢٠ی مایسی ١٩٨٠ لە وانەوتاری لۆڤەیندا، مێژووی «دادوەری بوون»ی قۆناغ بە قۆناغی تەوبە و دانپێدانان ڕوون دەکاتەوە و گرێی دەدات بە مێژووی شوێنگەی ئێجگار گرنگی دانپێدانان لە دامەزراوەکان و ڕێوشوێنە دادوەرییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست تا سەدەی بیستەم. بگەڕێنەوە بۆ: MFDV, p. 161-233.

به گوناهدا تێکەڵەیەکە لەم سێ توخمە[11]؛ و پشکنینی بیروباوەڕ[12]ی مەسیحی لە نەریتی کاسۆلیکیدا پنتی یەکتربڕینی ئەم ڕێوشوێنانەیە. بێگومان، لۆسەر دەیویست ڕزگاری ببێت لە هەموو ئەم شتانە. و ئەم ئایدیایەی کە دەڵێت پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤ و خواوەند چییەتییەکی دادوەرانەی هەیە، بە گومانم نەیارێتیی مەزن و بنەڕەتیی لۆسەر بوو، و ئەو دەیویست لەم ئایدیایە ڕزگاری ببێت. کەواتە، بە باوەڕی من، ئەم دوو خاڵە دەتوانن شوێنی لۆسەر لەم مێژووەدا ڕوون بکەنەوە.

**پ. دووەم**: دەکرێت کەمێک زیاتر لەم بارەوە قسە بکەیت؛ دەربارەی دامەزراوە ڕەهبانییە مەسیحییەکان و دەربارەی دانپێدانان و دەربارەی هێرمنۆتیکی خود قسەت کرد. بەڵام ئەمە چۆن بەدی هات؟ دەزانم کە ئەمە گرێ دەدەیت بە هۆکارێتیی فرۆیدی و بە سەرکوتکردنی فرۆیدی. دەکرێت کەمێک زیاتر ڕوونکردنەوە بدەیت. چ پەیوەندییەک دادەمەزرێنیت لەنێوان دانپێدانان و هێرمنۆتیکی خود لە دامەزراوە ڕەهبانییەکاندا لە لایەک و هۆکارێتیی فرۆیدی و سەرکوتکردنی فرۆیدی[13] لە لایەکی ترەوە؟

**فوکۆ**: پەیوەندییەکانی نێوان دامەزراوە ڕەهبانییەکان و کرداری فرۆیدی[14]؟ دەتانەوێت لەسەر ئەمە قسەتان بۆ بکەم؟

**پ. دووەم**: بەڵێ.

[11]. فوکۆ ئاماژە بەوە دەکات کە دانپێدانان بە گوناهدا لە سێ توخم پێکهاتووە: یەکەم، *exomologesis*ی سونەتی کە وەک ڕێوڕەسم و ڕیتواڵی تەوبە تا سەدەی شانزەیەم مایەوە، بەڵام لە پێوەرێکی ئێجگار بێنرخدا و لە ڕۆڵێکی ئێجگار کەمدا؛ دووەم، *exagoreusis* کە یەک دامەزراوەی ڕەهبانی بوو؛ و سێیەم، شتێکی تر کە بونیادە نوێیەکانی سیستەمی قەزایی/دادوەری بوو، واتە ڕێوشوێن و تەکنیکە تازە دادوەرییەکان لەگەڵ دانپێدانان بە گوناهدا وەک یەک بڕگەی بنەڕەتیی بونیادی سیستەمی قەزایی/دادوەری.

[12]. مەبەستی فوکۆ دادگاکانی پشکنینە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا.

[13]. Freudian repression

[14]. Freudian practice

**فوکۆ**: پێم خۆشە شتێک لەم بارەوە بڵێم (دەنگی پێکەنینی فوکۆ و ئامادەبووان)، بەڵام دڵنیا نیم کە بتوانم... . چون، وەک دەزانن، بە ڕاستی من مێژووی پەیوەست بە ڕابردووم خۆش ناوێت، یا بە لایەنی کەمەوە ئەمە گەمەی من نییە کە بۆ نموونە بڵێم: «باشە، دەزانن کە هیرۆمینوس یا خروسوستۆم ئەمەیان وتووە، و ئێوە هەمان شت لای فرۆید یا یۆنگ یا لاکان و ئەوانی تر دەدۆزنەوە.» ئەمە گەمەی من نییە؛ و لە ڕاستیدا هیچ هۆگر نیم بەم جۆرە شتانەوە، بەڵام کاتێک کە دوو ساڵ لەمەوبەر کاسیانوسم دەخوێندەوە، بە ڕاستی سەرم سوڕما لە چەند خاڵێک. یەکەم، تەکنیکەکانی کاسیانوس بۆ خود-هەڵکۆڵین یا تاقیکردنەوەی خود لە نەریتی ئیڤاگریوس پونتیکوسدا بە تەواوەتی هەمەلایەن و زۆر ئاستەم و زۆر ئاڵۆز بوون. دووەم، پێم وایە کە ئێوە ناتوانن خۆتان ببوێرن لەم واقیعییەتە کە وەسفکردنی ئەو شتەی کە ڕاهیب دەبێت لەگەڵ ئەندێشەکانیدا بیکات هەمان ئەو شتەیە کە سانسۆری فرۆیدی ئەڵبەتە بە شێوەیەکی پێچەوانە دەیکات. ئەو وەسفکردنەی کە فرۆید دەربارەی سانسۆر پێشکەشی دەکات تا ڕادەیەک وشە بە وشە ئەو وەسفکردنەیە کە کاسیانوس لە میتافۆری دراوگۆڕەوەدا پێشکەشی دەکات. باشە، لەگەڵ ئەمەدا دەتوانرێت چی بکرێت؟ ئایا دەتوانین بڵێین ئەمە یەک هاودەقیی مێژوویی یا یەک هاودەقیی بان-مێژووییە[15]؟ ڕەنگە. یەک ڕوونکردنەوەی تریش هەیە، ڕوونکردنەوەیەکی مێژوویی کە دەڵێت: «باشە، دەزانن کە تەکنەلۆژیا مەسیحییەکانی جەذبە، خود-هەڵکۆڵین، دانپێدانان و هتد ئەوەندە بەهێز و قووڵ و ئەوەندە بە قووڵی شوێنگرتوو و باو بوون لە ژیان و ویژدان و کردارەکانی هەر کەسێکدا لە شارستانییەتی ڕۆژئاواییی کە دەتوانن جێنیشانەکانیان یا پرۆژە گشتییەکانیان لە دەروونپزیشکی، دەروونپزیشکیی کلاسیکیی سەدەی نۆزدەیەمدا بدۆزنەوە، و لەم دەروونپزیشکییەدایە کە فرۆید ئەمانەی دۆزییەوە و تەکنیکە مەعنەوییە مەسیحییەکانی سەرلەنوێ دۆزییەوە. بەڵام ئەم ڕوونکردنەوە من

15. metahistorical

ڕازی ناکات، چون زۆر دژوارە کە لە تەکنیکەکانی دەروونپزیشکیی سەدەی نۆزیدەمدا شتێک بدۆزینەوە کە پەیوەست بێت بە تەکنیکە مەعنەوییەکانەوە. ئەڵبەتە لە سەرەتای وتارەکەمدا چیرۆکێکی دکتۆر فرانسوا لۆرێم گواستەوە، کە دەیویست نەخۆشەکەی ناچار بکات بە دانپێدانان بە یەک شت: دانپێدانان بە شێتبوونی خۆیدا. بەڵام ئێوە ناتوانن بڵێن کە ئەمە بەوردی تەکنیکە مەسیحییەکانی [*exagoreusis*و خود-هەڵکۆڵین و دانپێدانانە]. کەواتە فرۆید بۆچی و چۆن ئەم شتانەی سەرلەنوێ دۆزییەوە؟ من هیچ نازانم. ئایا دەبێت بگەڕێینەوە بۆ نەریتی عیبری؟ پێم وانییە، چون تا ڕادەیەک دڵنیام کە لە نەریتی عیبری[١٦]دا شتێکی وەک *exagoreusis* یا *exagoreusis* بوونی نییە. کەواتە ئەمە یەک گرفتە، و من تا بە ئەمڕۆ دەکات هیچ وەڵامێکم بۆ ئەم گرفتە نییە. بەڵام ڕەنگە لەبەر ئەوە وەڵامێکم بۆ ئەو گرفتە نییە کە ئەمە یەک تەوەهومە، و ڕەنگە هیچ وەکیەکی و هاوشێوەییەک لەنێوان کاسیانوس و فرۆیددا بوونی نەبێت. بەڵام گومانم هەیە کە هیچ هاوشێوەییەک بوونی نەبێت (دەنگی پێکەنینی ئامادەبووان). کەواتە بە کردەوە ئەمە بۆ من گرفتێکە تا ئەمڕۆ بێ وەڵام.

**پ. دووەم**: لە کتێبی ***چاودێری و سزا***دا دەربارەی گۆڕان و پەڕینەوەیەک قسە دەکەیت، گۆڕان لە دادوەریکردنێک کە پشت بە ئەشکەنجە دەبەستێت بۆ داوەریکردنێک کە هەست، پاڵنەر و ئارەزووی تاکەکان لەبەرچاو دەگرێت[١٧]. ئایا ئەم گۆڕانە هیچ پەیوەندییەکی هەیە لەگەڵ گۆڕان لە تەوبەوە بۆ دانپێدانان؟

**فوکۆ**: بەڵێ، پێم وایە بەم چەشنەیە. کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان یەک سەردەمی دادوەری و یاساییان تێپەڕ کرد، قۆناغێکی دادوەری کە لە سەدەی دوانزەیەم یا سیازدەیەمدا دەستی

---

[16]. Hybraic tradition

[١٧]. میشل فوکو، ***مراقبت و تنبیه: تولد زندان***، ترجومەی نیکو سرخوش و افشین جهاندیده، تهران، نشر نی ۱۳۷۸، ص ٢٧-٣٠.

پێ کرد، و تا دەستپێکی سەدەی نۆزدەیەم لەگەڵ یاسا بنچینەییە گەورە سیاسییەکان و کۆمەڵێک یاسای مەدەنی و سزایی سەدەی نۆزدەیەم بەردەوامی هەبوو، و ئەم پێکهاتە یاسایی و دادوەرییانە لە ساتی ئێستادا لە دۆخی داڕووخان و لەناوچووندان. لە سەدەی سیانزەیەمەوە تا دەستپێکی سەدەی نۆزدەیەم، تەواوی کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان هیوادار بوون و چاوەڕوانیان دەکرد کە حوکمڕانیکردن و بەڕێوەبردنی خەڵکی لە ڕێگەی یاساکان، دادگاکان و دامەزراوە یاسایی/دادوەری[18]یەکانەوە ڕەخساو بێت. و خەونی ڕێگەی یاسایی حکوومەت بریتی بوو لە ئایدیای نووسینی یاسا بنچینەییەکان لەگەڵ مافی مرۆڤ و چی و چی، واتە پڕۆژەی نووسینی یاساگەلێک کە بتوانێت بۆ کۆمەڵگەی مرۆیی و مرۆڤایەتی یا، لایەنی کەمەوە لەناو یەک نەتەوەدا، گشتی، گەردوونی و هەمەلایەن بێت. هاودەقبوونی نێوان هونەری بەڕێوەبردن یا هونەری حومکڕانیکردن و دامەزراوە یاساییەکان بە باوەڕی من یەکێک بووە لە خواستە بنچینەییەکانی ئەم قۆناغە درێژخایەنە،[ واتە] لە سەدەی سیازدەیەمەوە تا سەدەی نۆزدەیەم. و ئێستا دەزانین-دەزانین؟- و بە ئێمە دەڵێن کە بەڕێوەبردن و حوکمڕانیکردنی خەڵکی ئیتر بەم پێکهاتە یاساییانە ڕەخساو نییە. دیاردەی تۆتالیتاریزم یەکەمین و ترسناکترین ئەنجامی ئەم کەشفەیە کە پێکهاتە یاساییەکان بۆ حوکمڕانیکردن و بەڕێوەبردنی خەڵکی بەسندە و تەواو نییە. نازانم ئەم وتەیە وەڵامێکە بۆ پرسیارەکەی ئێوە یا نا؟

**پ. سێیەم**: ئەگەر بەم چەشنەیە ئایا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دیاردەی تۆتالیتاریزم، نەک ئەمەی کە ڕابردوو ڕزگار بکەین، بەڵکە بگەڕێینەوە بۆ دواوە؛ و ڕێگەیەک بدۆزینەوە کە تێیدا ئەم پێکهاتە یاساییانە بتوانرێت لەگەڵ فۆرمێکی ژیاندا تێهەڵکێش بکرێن، بە شێوەیەک کە لە هەمان کاتدا دانپێدانان یا هێرمنۆتیکی خود لەخۆ نەگرێت؛ بە دەربڕینێکی تر، ئایا دابڕانێک لەنێوان ئەم دوو ئەگەرەدا دەبینیت؟ ئەگەر کۆمەڵەی یاسا حقوقییەکان تا ئاستێک

[18]. Juridique/juridical

دیاردەیەکی سەر بە ڕۆژگاری ڕابردوو بێت، بەڵام هێشتا تاکە لەمپەری بەردەم دەرکەوتنی تۆتالیتاریزم بێت، کەواتە ئایا ئەمە بەم مانایە نییە کە ئەم کۆمەڵە یاسایە دەبێت سەردەمێک زیندوو بکرێنەوە؟

**فوکۆ**: بەڵێ، بەڵام دەزانن کە بە گومانم ئەمڕۆ یەکێک لە گرفتە بنچینەییەکانمان، یەکێکە لە گرفتە بنچینەییە سیاسییەکانمان. کاتێک کە ڕووبەڕووی دیاردەی تۆتالیتاریزم دەبینەوە، یەکەم، هەر کەسێک دەتوانێت هاوڕا بێت لەگەڵ ئەم خاڵەدا کە پەنابردن بۆ یاسا، پەنابردن بۆ سیستەمی یاسایی و گەڕانەوە بۆ مافی مرۆڤ، پرسێکی زۆر گرنگە. بەڵام پێم وایە کە زۆرێک لەگەڵ ئەم خاڵەدا هاوڕا بن کە ئەمە لە ساتی ئێستادا یەک پەنابردنی تەکتیکییە؛ ڕەنگە سوودمەند بێت، ڕەنگە لە ساتی ئێستادا ڕەخساو بێت، بەڵام پێم وانییە کە گەڕانەوە بۆ پێکهاتەی یاسایی بەڕێوەبردن یا حوکمڕانیکردن لە چرکەساتی ئێستادا ڕێگەچارەیەک بێت بۆ گرفتەکانمان. بەڵام چ گرفتە گەورەکانی یاسای بنچینەیی-دەوڵەت چییە؟ و ...- یا کۆمەڵێک گرفتی کەمبەهاتری وەک، بۆ نموونە، دامەزراوە سزاییەکان یا سوودوەرگرتن لە پزیشکی و دەروونپزیشکی لەناو دامەزراوەی دادوەریدا لەبەرچاو بگرین یا نەگرین، [هەر چۆنێک بێت] ڕوونە کە بەڕێوەبردن و حوکمڕانیکردنی خەڵک تەنها لەگەڵ یاسا حقوقییەکان و پێکهاتە حقوقییەکان ڕەخساو نییە. و لە ڕاستیدا هەمیشە لە شتێکی تر و شتێکی زیاتر لە پێکهاتە حقوقی و یاساییەکان سوود وەردەگیرێت[١٩]. بۆ نموونە، زۆر ئاشکرایە کە دامەزراوە سزاییەکان [جگە لە پێکهاتە

---

[١٩]. فوکۆ لە وانەی یەکەمی فێبرایەری ١٩٧٨ لە وانەوتاری ***ئاسایش، قەڵەمڕەو، جەماوەر***دا، بە بەراوردکردنی دیدگای حکومەت لەگەڵ «چوارچێوەی یاسایی حاکمییەت»، ئەم خاڵە بە ڕۆشنی ڕوون دەکاتەوە: ئەگەر ئامانجی حاکمییەت گوێڕایەڵییە لە یاسا، بە پێچەوانەوە، لە ڕوانگەی حکومەتەوە، لە ڕوانگەی حکومەتەوە، چنین و ڕێکخستنی شتەکان ئامانجە، واتە«زیاتر سوودوەرگرتن لە تاکتیکەکان تا لە یاساکان» بۆ ئەوەی «بە چەشنێک کار بکەیت کە لە ڕێگەی ژمارەیەک کەرەستەوە، دەستگەیشتن بە ئەم یا ئەو ئامانجە ڕەخساو بێت». بگەڕێنەوە بۆ: STP, p. 101-107.

یاساییەکان] هیچ شتێکی تر بە گریمانە وەرناگرن، و خەونی سەدەی هەژدەیەم بەرهەمهێنان و پێکهێنانی کۆمەڵێک دامەزراوەی سزایی و کۆمەڵێک یاسای سزایی بوو، دامەزراوەگەلێکی سزایی کە دەبێت تەنها یاسا و جێبەجێکردنی یاسا بن. هەر کە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم خەونە لەگەڵ واقیعییەتدا دەبینین، ئەڵبەتە دەزانین کە سیستەمە سزاییەکان لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمەوە تا ئێستا بە دڵنیاییەوە لەگەڵ زۆرێک شتی زیاتر و زیاتر جیاواز لە یاسا و سیستەمی یاسایی و هتد کاری کردووە. و ئاشناکردن و لکاندنی دەروونپزیشکی، دەروونناسی، زانستە مرۆییەکان، کۆمەڵناسی و هتد بە دامەزراوەی سزاییەوە نیشانە و شایەتی ئەم واقیعییەتەیە[٢٠].

**پ. سێیەم**: ئەگەر کتێبەکانت بخوێنینەوە دەتوانین لەگەڵ ئەم قسانەدا هاوڕا بین، بەڵام ئایا ئەم قسانە هەروەها گرفتی تاکتیک بەخودی خود ناگوازێتەوە بۆ ئێمە، گرفتی ئەمەی کە چۆن دەتوانرێت پێکهاتەی یاسایی/دادوەری وەک تاکتیک و نەک وەک ستراتیژی گەورە دووبارە بەکار بخرێتەوە؟ ئایا پەنابردنی تەنها تاکتیکی بە پێکهاتە یاسایی/دادوەرییەکان، ئێمە پاڵ نانێت بۆ سەرترچوون لە ڕیزبەندی یاسایی و بۆ پێویستیی جیاکردنەوەی ئەو شتەی کە ڕیزبەندی یاسایی/دادوەرییە لەو شتەی کە ڕیزبەندی دیسپلینی[٢١]یە؟

[٢٠]. لەم بارەوە بگەڕێنەوە بۆ کتێبی ***چاودێری و سزا***، بە تایبەتی بۆ کۆتایی پاژی «دامەزراوە کامڵەکان»، کە فوکۆ سەربارکردن یا زنجیرەیەک سەربارکردنی «گرتووخانە» بۆ سەر دەستگیرکردن وەک شتێکی «یاسایی» وەسف دەکات- [سەربارکردنی] شکڵگیریی «مەعریفەتی دەرمانگەیی دەربارەی مەحکوومان» بۆ سەر ڕێکخستنی گریمانەی تاکی «ترسناک» کە زانستە نوێیە مرۆییەکان هەمیشە ئەم سەربارکردنە پشتڕاست دەکەنەوە. هەروەها بڕوانن بۆ: م. فوکۆ، «گۆڕانی گریمانەی "تاکی ترسناک" لە دەروونپزیشکیی یاسایی سەدەی نۆزدەیەمدا» لە: DE II, n220, p. 443-464.

[21]. disciplinary

**فوکۆ**: هاوڕام لەگەڵ شێوازی خستنەڕووی گرفتەکە، و دەبێت بەر لە هەر شتێک بڵێم کە نازانم. هەروەها دەبێت دان بەوەدا بنێم کە چەندین ساڵ لەمەوبەر، بۆ نموونە، لە سەرەتای دەیەی هەفتا، پێم وابوو کە خستنەڕوو و ڕۆشنکردنەوەی ئەم گرفتە، ئەم گرفتە واقیعی و بەرهەست و کردەکییە، شتێکی ڕەخساوە، و پاشان بزووتنەوەیەکی سیاسی دەتوانێت ئەم گرفتە لەبەرچاو بگرێت و بە دەستپێکردن لە دراوەکانی ئەم گرفتەوە لەسەر شتێکی تر کار بکات. بەڵام پێم وایە کە من هەڵە بووم. و ئەگەر ئێستاکە کەمێک نائومێدم، لەبەر ئەوەیە کە پێم وایە نەک هەمووان بەڵکە زۆرێک کەس قەناعەتیان بەوە کردووە کە ئەم گرفتە بوونی هەیە، تەنانەت ئەگەر [...] نەیار بن، بەڵام هیچ کەسێک نازانێت چۆن ئەم گرفتە چارەسەر بکات، و بزووتنەوەی سیاسی، بزووتنەوەیەکی سیاسیی خودبزواو کە من زۆر ساویلکانە ئومێدم پێی هەبوو، سەرنەکەوت[٢٢]. بەڵام ئەمە ساویلکەیی منە.

**پ. چوارەم**: دەمەوێت پرسیارێکی کەم تا زۆر ناشیانە لە تۆ بپرسم کە دەشێت هەڵگری کۆمەڵێک زانیاریی هەڵە بێت. دەربارەی کێشەی دەستدرێژی بە وتەی تۆ مافمان نییە یا

---

[٢٢]. ڕەنگە فوکۆ لێرەدا ئاماژە بکات بە بەخۆداشکاوی و نائومێدیی سەرچاوەگرتوو لە خوێندنەوەی کتێبی دەستەجەمعیی ***ئازادی، ئازادی، تێرامانەکانی کۆمیتە بۆ بەیاننامەی ئازادییەکان*** کە لە ١٩٧٦ لەژێر سەرپەرشتیی ڕۆبێرت بەدینتە [Robert Badinter] بۆ پەروەردەکردنی تێرامانەکانی حیزبی سۆسیالیست چاپ کرا. (بگەڕێنەوە بۆ: *Liberté, Liberté. Réflexions du Comitépour une charte des libertés*, paris, Gallimard, 1976).

فوکۆ لە ١٩٧٧ لە وتارێکدا دەربارەی گۆڕانی کارکردی پرسی دادوەری لە کۆڕی سەندیکای خاوەن پلەوپایە دادوەرییەکان، دەپەرژێتە سەر ئەم دەقە و لەم دەقەدا ڕەخنە لە شتێک دەگرێت کە وەک بڵاوبوونەوەی کارکردە دادوەرییەکان لە سەرتاسەری پەیکەری کۆمەڵایەتی وەسفی دەکات. بگەڕێنەوە بۆ:

« Michel Foucault à Goutelats: la redéfinition du "judiciable"», Justice, n115, juin 1978, p. 36-39.

هەروەها بگەڕێنەوە بۆ: D. Defert, *Chronologie*, art. Cit., p. 70.

نابێت دەستدرێژیکەر سزا بدەین، چون سێکسواڵیتە پرسێکی تایبەتییە (دەنگی پێکەنین). تکا دەکەم ڕوونکردنەوە بدە بەم چەشنەیە؟

**فوکۆ**: پرسیارێکی باشە. پێم وایە کە دەزانم کاتێک کە ئەمە دەڵێن ئاماژە بە چ گۆڤارێک دەکەن. هاوڕێیەک ڕەشنووسی وتارێکی چاپکراوی لە گۆڤارێکی بەناوبانگدا بۆ ناردم لە ئینگلیزەوە کە بە گومانم ئەو شتەی کە وتبووم بە توندی ڕەخنەی دەکرد. ئەمە لە ڕەوتی یەک گفتوگۆدا بوو لەگەڵ داڤید کوپەر[٢٣] کە دژە-دەروونپزیشکییە؛ گفتوگۆیەکی واقیعی و نەک ساختە لەگەڵ داڤید کۆپەر کە بە وردیی نازانم بۆچی چاپ کرا[٢٤]. ڕەنگە لەمڕۆدا بە تەواوەتی هاوڕا نەبم لەگەڵ ئەو زاراوە و وشانەی کە لەم گفتوگۆیەدا بەکارم هێنا، بەڵام ئەمە هێندە گرنگی نییە. ئەوەی کە وتم ئەمەیە: یەکەم، پێم وایە کە گریمانەیەکی باش بۆ شیکارکردنی گرفتەکان و بۆ شیکارکردنی پرسیارە جیاوازەکان دەربارەی پەیوەندیی یاسا و سێکس دەتوانێت ئەمە بێت کە یاسا هیچ پێوەندییەکی بە سێکسەوە نییە. سێکس شتێکە کە هیچ پێوەندییەکی بە یاساوە نییە، و بە پێچەوانەوە. ئەم فاکتەی کە جیاکاریی سێکسی، سەرتری سێکسی و چالاکیی سێکسی بتوانرێت بکرێتە بابەتی یاسادانان، بە باوەڕی من شتێکی قەبووڵنەکراوە. بە هەر حاڵ، دەمویست بزانم کە ئایا دەشێت ئەم پرەنسیپە بکرێتە بنەڕەتی کۆمەڵێک یاسای تازەی سزایی. ئەم ئایدیایەم کاتێک خستە ڕوو کە کەسێک لە ساتی گفتوگۆکەدا... کە باش نازانم لە چ ساتێکی گفتوگۆکەدا بوو و گرنگییەکی ئەوتۆشی نییە. بەڵام هەر کە ئەمەم وت باش بەئاگا بووم کە گرفتێک

---

[23]. David Cooper

[٢٤]. بگەڕێنەوە بۆ:

, entretien avec D. Cooper, J.-»Enfermement, psychiatrie, prison«M. Foucault, P. Faye, M.-O. Faye et M. Zecca, dans DE II, n209, p. 332-360.

بوونی هەیە کە گرفتی دەستدرێژییە[٢٥]. مەحاڵە کە بتوانرێت بگوترێت کە دەستدرێژی[٢٦]، پەلاماری سێکسی[٢٧] نییە؛ و بەهەرحاڵ پێم وانییە بتوانرێت بگوترێت کە دەستدرێژی دەتوانرێت وەک پەلامار مەحکووم بکرێت بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەمەی کە دەستدرێژی پەلاماری سێکسییە. من پێم وایە کە لە پێناسەی یاسایی/دادوەریی دەستدرێژیدا ناتوانرێت سێکسواڵیتە نادیدە بگیرێت. و پاشان بە لایەنی کەمەوە لە حاڵەتی دەستدرێژیدا، دەبێت گریمانەی سێکسواڵیتە[٢٨] بهێنینە ناوەوە؛ و کەواتە سێکس دەبێت لە سیستەمی یاساییدا لەبەرچاو بگیرێت. ئەوەی کە دەمویست بیڵێم ئەمەیە کە گرفتێک بوونی هەیە: بە گومانم یاسا هیچ پێوەندییەکی بە سێکسەوە نییە، بەڵام لە لایەکی ترەوە پێم وایە کە دەبێت دەستدرێژی مەحکووم بکرێت و ناتوانرێت لە پرسی دەستدرێژیدا سێکسواڵیتە نادیدە بگیرێت. گرفت ئەمەیە و چۆن دەتوانرێت ئەم گرفتە چارەسەر بکرێت؟

**پ. چوارەم**: لە ڕەوتی بەدواداچوون بۆ زۆرێک لە کوشتنەکان، ئازار و ناڕەحەتیی سێکسی دەبینرێت، واتە پەلامارگەلێکی زۆر بوونی هەیە کە ڕووداوی سێکسی لەگەڵدایە. بۆ نموونە، کاتێک کە لە ڕەوتی دزینی بانکدا، خەزنەدار بە چەک پەلاماری سێکسیی جەستەی دەدرێت. ئەگەر پرەنسیپی تۆ پەسەند بکەین، لەم حاڵەتەدا چۆن دەتوانین جیاکاری بکەین لە نێوان ئەو شتەی کە لە یەک پەلاماردا، سێکسییە و ئەو شتەی کە سێکسی نییە، و چۆن مامەڵە لەگەڵ تاوانباردا بکەین؟

**فوکۆ**: بەڵێ تێدەگەم. لەم بارەوە دەبێت بڵێم کە بە باوەڕی من دەتوانین لە یەکەمین پرەنسیپێکەوە کە ڕوونم کردەوە سوود وەربگرین، چون بۆ من ڕوون نییە کە بۆچی لە حاڵەتی دۆزینەوەی خەسڵەتی سێکسی لە یەک ڕەفتاری تاوانبارانەدا، دادوەر و دادگاکان

[25]. Cf. *ibid.*, p. 351-355.

[26]. rape

[27]. sexual aggression

[28]. notion of sexuality

دەبێت ئەم خەسڵەتە لەبەرچاو بگرن. ڕەنگە پاڵنەرێکی سێکسی، بۆ نموونە، لە کوشتن یا دزین یا نازانم لە چیدا بوونی هەبێت، بەڵام ئەگەر یاسایەکی سزایی هەیە کە ئەم جۆرە کردانە بە هۆکاری ئەوەی کە کوشتن یا دزینە مەحکووم دەکات، ئیتر چ گرنگییەکی هەیە کە پاڵنەرەکەی سێکسییە یا نا. و من زۆر باش لەوە تێگەیشتووم کە بە لایەنی کەمەوە لە کرداری سزایی و دادوەریی فەڕەنسادا ئەمەی کە بریکارەکان، دادوەرەکان، دادگاکان و هتد پاڵنەرێکی سێکسی بدۆزنەوە، هەمیشە کۆمەڵێک ئەنجامیەتەواو کۆنترۆڵنەکراوی هەیە. هەندێکجار مەحکوومییەتێکی زۆر قورس بەسەر کەسێکدا پیادە دەکەن، چون دادوەرەکان پێیان وابووە کە تاوانبار پاڵنەرێکی سێکسی هەبووە، یا لە هەندێک حاڵەتدا [دەڵێن کە] ئەمە تەنها گرفتێکی سێکسییە یا گرنگییەکی ئەوتۆی نییە و هتد. بە باوەڕی من، یەکێک لە ئەنجامە هەرە خراپەکانی هاتنی سێکسواڵیتە، هاتنی گرفتی سێکسواڵیتە بۆ ناو دامەزراوە سزاییەکان، هەر ئەمەیە. و دژی ئەم جۆرە هاتنەی سێکسواڵیتە، پێم وایە دەبێت بگوترێت کە سێکس هیچ پێوەندییەکی بە یاساوە نییە و یاسا هیچ پێوەندییەکی بە سێکسەوە نییە. بەڵام جەخت دەکەم کە دەستدرێژی پەلاماری سێکسییە و خۆ هەڵهاتن لەم واقیعییەتە مەحاڵە، و ئێمە دەبێت گرفتی سێکسواڵیتە بە لایەنی کەمەوە لە پرسی دەستدرێژیدا بهێنینە ناوەوە. نازانم هاوڕان لەگەڵ ئەوەدا کە دەیڵێم یا نا. بە هەر حاڵ، لەم گۆڤارە ئینگلیزییەدا خراپ لەو شتە تێگەیشتن کە وتم، چون ئەوەی کە وتم ئەمە نەبوو: دەبێت دەستدرێژی وەک پەلاماری ناسێکسی وێنا بکرێت. بە پێچەوانەوە، من وتم کە دەبێت دەستدرێژی وەک پەلاماری سێکسی وێنا بکرێت، و دەزانم کە ئەمە نامۆیە بەم پرەنسیپەی کە یاسا هیچ پێوەندییەکی بە سێکسەوە نییە.

پ. **پێنجەم**: ئایا پێت وایە کە کردەی سێکسی نەک بەپێی پێویست پەلاماردەرانە[29]، بەڵکە سیاسییە؟

[29]. aggressive

**فوکۆ**: (دەنگی پێکەنین لەناو ئامادەبووان) باشە... (دەنگی پێکەنین) ئەڵبەتە هەموو ئەمانە وابەستەن بە پێناسەی سیاسەتەوە (دەنگی پێکەنین). ئەگەر سیاسەت لە مانایەکی زۆر بەربڵاودا لەبەرچاو بگرین، و ئەگەر سیاسەت بە سیستەمی پەیوەندییەکانی دەسەڵات تێبگەین، ئەوا لەم حاڵەتەدا بە دڵنیاییەوە کردەی سێکسی شتێکە کە پێوەندی بە سیاسەتەوە هەیە. بەڵام دەبێت بڵێم کە یەک کردەی سێکسی لەم مانایەدا پێوەندی هەیە بە، بۆ نموونە، سیستەمە نیشانەناسییەکان و پەیوەندییە نیشانەناسییەکان[٣٠]. تەواوی سیستەمی پەیوەندییەکان کە لە یەک پەیوەندیی سێکسی یا لە یەک کردەی سێکسیدا هەن، دەبێت لە کاتی توێژینەوەی ئەم کردەیەدا لەبەرچاو بگیرێن. کەواتە، پەیوەندییەکانی دەسەڵات بوونی هەیە، پەیوەندییە نیشانەناسییەکان بوونی هەیە و هەندێکجار پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان.

**پ. شەشەم**: تا ئێستاکە جینالۆژیای کردارەکان و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانت لە چێوەی وردەفیزیک[٣١] و یەک لۆجیکی دەسەڵاتدا وەسف کردووە. ئایا ئێستا دەتوانیت بڵێیت لە ساتی وەسفکردنی «جینالۆژیای خود»یت لە چێوەی درشتەفیزیک[٣٢]ی هێزەکاندا...

**فوکۆ**: وردەفیزیکی هێزەکان...

**پ. شەشەم**: درشتەفیزیک، بە هۆی پەیوەندیی خود لەگەڵ هێزدا...

**فوکۆ**: درشتەفیزیک؟ بۆچی درشتەفیزیکی هێز؟ دروست تێنەگەیشتم، دەکرێت کەمێک ڕوونکردنەوە بدەن؟

**پ. شەشەم**: ئەمە پرسیاری منە لە تۆ، ئایا گونجاوە کە...

---

30. semiotic relationships

31. microphysic

32. macrophysic

**فوکۆ:** به هەقیقەت نازانم بۆچی سوود لەم دوو وشەیەی درشتەفیزیک و هێزەکان وەردەگرن دەربارەی...

**پ. شەشەم:** باشە هەوڵ دەدەم لە ئاراستەگیریی کاری نوێت تێبگەم و ئاراستەگیریی پێشووی کارەکەت لە چێوەی وردەفیزیکدا بوو.

**فوکۆ:** ئەها.

**پ. شەشەم:** زۆر باشە. ئایا ئێستا دەتوانیت بڵێیت کە قسە لەسەر ئاخێزگە لە مانایەکی جیاوازدا دەکەیت؟ دەربارەی هێزەکانی پەیوەست بە خود؟ تکا لە تۆ دەکەم کەمێک ئەم گرفتە شرۆڤە بکە.

**فوکۆ:** لەگەڵ ئەوەشدا ئاگادارن کە...، پێم خۆشە ئەم گرفتە شرۆڤە بکەم، بەڵام ئەو کەرەستانەی کە بۆ ئەم کارە خستتانە بەردەمم.

**پ. شەشەم:** ناکافییە.

**فوکۆ:** نا، نا، ناکافی. بەڵام پێم وانییە بە وردیی گونجاو بێت لەگەڵ ئەو شتەدا کە وتم.

**بەڕێوەبەری کۆڕ:** دەتوانم قسەیەک بکەم؟ پێشگریمانەیەک لەو شتەدا بوونی هەیە کە ئەم خانمە وتی کە هەڵەیە و دەبێتە گرفتساز، بە دەربڕینێک وەک بڵێی کە بەڕێز فوکۆ تۆ ڕوانگەی خۆتت گۆڕی، چون پێشتر دەربارەی وردەفیزیکی دەسەڵات نووسیت...

**پ. شەشەم:** نەخێر من ئەمە ناڵێم چون دەبینم ئەو شتەی کە ئێستا لێرەدا ئەنجامی دەدەیت بە ڕوونی پەیوەستە بەو شتەوە کە پێشتر ئەنجامت دابوو، و هیچ گۆڕانێک لە ئاڕستەگیری یا گۆڕانێک لە تاکتیکدا نابینم...

**ب. کۆڕ:** باشە، ئێوە ئەم جۆرە قسەیەتان کرد: «ئەو شتەی کە لە ساتی ئەنجام دانیت *تازەیە*» و دەتەوێت بە شێوەیەکی جیاواز شرۆڤەی بکەیت، بەڵام من دڵنیا نیم کە ئەم پێشگریمانەیەی کە شتێکی جیاواز و تازە لە ئارادایە پێویستی بە شرۆڤەیەکی تازە هەبێت.

**پ. شەشەم:** باشە، تێگەیشتنی من بۆ یەکەمین وتار ئەمە بوو کە ئەو [فوکۆ] ئێستا لە ساتی خستنەڕووی شتێکی تازەیە.

**فوکۆ**: باشە، ڕەنگە تا ئاستێک هاوڕا بم، و ڕەنگە ئەمە وەڵامێک بێت بۆ پرسیارەکەتان. تکا لە ئێوە دەکەم کە بە من بڵێن ئایا وەڵامێکە بۆ پرسیارەکەتان یا نا. کاتێک کە لەگەڵ ئەم گرفتەی دەسەڵات دەستم پێ کرد، دڵنیام کە یەک پێڕ قسەی گەمژانەم دەربارەی ئەم بابەتە وتووە، بەڵام پێم وایە کە قسەگەلێکی زۆر سەیرتریان لەوەی کە وتوومە داوەتە پاڵ من. (دەنگی پێکەنین) ئەڵبەتە [یەکەم] دەسەڵات بۆ من- پێم وایە کە ئەمە زۆر ڕوون بێت- یەک جەوهەر، ماکی ڕەوان، یەک مەرجەعی میتافیزیکی یا شتێکی وەک ئەمە نییە. بە باوەڕی من دەسەڵات بریتییە لە پەیوەندییەکان، پەیوەندیی هێزەکان لەنێوان خەڵکدا. بەڵام خاڵی دووەم ئەمەیە کە ئەم پەیوەندییانە تەنها پەیوەندییە ڕووت و پەتییەکانی هێزەکان نییە؛ ئەم پەیوەندییانە بەپێی هەندێک پرەنسیپ، و هاوڕێژە لەگەڵ هەندێک تەکنیک، هەندێک ئامانج، هەندێک تاکتیک و هتد ڕێک دەخرێن. سێیەم، دەتوانرێت بگوترێت کە ئەم پەیوەندییەکانی دەسەڵات لە یەک کۆمەڵگەی دیاریکراودا بە تەواوەتی بە یەکسانی یا بە ڕێککەوت دابەش نەکراون، بەڵکە جۆرێک ناهاوسەنگی[33] ئەم پەیوەندییانە ئاڕاستە دەکات و ڕێک دەخات، ناهاوسەنگییەک کە بە هەندێک کەس ئەگەری کاریگەریدانان یا کردەنواندن بەسەر هەندێک کەسی تردا دەدات، و ئەوانی تر خاوەنی ئەم ئەگەرە نین وەک گرووپی یەکەم یا ئەم جۆرە ئەگەرانە بەم کەسانەی دوایی نادات. ئەم ناهاوسەنگییە لەبەر ئەم ڕاستییەیە کە هەڵوێست و شوێنگەی تاکتیکی یا ستراتیژیکی گرووپی یەکەم هەمان هەڵوێست و شوێنگەی گرووپی تر نییە، و هەمان تاکتیک و هتد بەکار ناخات. ئەم ناهاوسەنگییە ئەو شتەیە کە دەتوانم ناوی بنێم «حکوومەت». لە کۆمەڵگەکاندا، پنتەکان یا پانتاییەکان یا بە دەربڕینێک داوێنەکان و هێڵەکانی حکوومەت بوونی هەیە. پیاوان ژنان بەڕێوە دەبەن یا حوکمڕانی بەسەر ژناندا دەکەن، باوک و دایک بەسەر منداڵدا، مامۆستایان بەسەر قوتابیان و هتد. و حکوومەت میلەت بەڕێوە دەبات یا بە مانایەک،

---

33. disequilibbrium

حکوومەت حوکمڕانی بەسەر میلەتدا دەکات. بەڵام حکوومەتی سیاسی تەنها یەکێک لەم نموونە بێ هەژمارانەی حکوومەتە، یەکێک لەم تەکنیکانەی حکوومەت و یەکێک لەم دامەزراوانەی حکوومەتە کە لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا دەیبینین. و لە ساتی ئێستادا، گرفتی من شیکارکردنی چییەتی یا سرووشتی حکوومەتە، حکوومەت وەک تەکنیکێک کە ئەگەر دەداتە هەندێک کەس کە ژیانی هەندێک کەسی تر بە هۆی بوونی ئەم واقیعییەتەوە بەڕێوە ببەن کە: هەمیشە لە یەک کۆمەڵگەی دیاریکراودا لە نێوان تاکەکاندا پەیوەندییەکانی هێز بوونی هەیە. ناهاوکاتی پەیوەندیی هێزەکان ئەو شتەیە کە بە باوەڕی من دەتوانرێت ناو بنرێت حکوومەت یا [دەتوانرێت بگوترێت کە] ناهاوسەنگیی هێزەکان حکوومەت دەرەخسێنێت. ڕوونە؟ کەواتە،لەم ساتەدا گرفتی من شیکارکردنی نەک پەیوەندییەکانی دەسەڵات، بەڵکە حکوومەتە[٣٤]. حکوومەت پەیوەندیی پەتیی هێز، یا باڵادەستیی پەتی یا توندوتیژیی پەتی نییە. و پێم وانییە کە ئایدیای باڵادەستی بە خودی خود یا لە خۆیدا بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم دیاردانە یا لەخۆگرتنی تەواوی ئەم دیاردانە بەسندە و گونجاو بێت. و یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم نابەسەندەیی و ئەم نەگونجاوبوونە ئەوەیە کە لە حکوومەت و لە کردەی حوکمڕانیکردندا بەم جۆرە نییە کە لە یەک لاوە بە بەراورد بە لایەکی تر تەنها هێزەکان یا هێزی زیاتر بوونی هەیە؛ بەڵکە هەمیشە لەو کەسانەدا کە حوکمڕانیان بەسەردا دەکرێت پێکهاتەیەک بوونی هەیە کە ئەوان لە ناوەوە دەکاتە

---

[٣٤]. بگەڕێنەوە بۆ: GV, p. 13-14. «لە وانەوتارەکانی دوو ساڵی دواییندا، [...] هەوڵم داوە کەمێک تێزی گشتیی گریمانەی حکوومەت پێشکەش بکەم، گریمانەیەک کە بە باوەڕی من ئێجگار بەکارهێنراوترە لە گریمانەی دەسەڵات، ئەڵبەتە "حکوومەت" نەک لە مانای کورتبینانە و کردەییدا، واتە مەرجەعی سەرتری بڕیاردانە ئیجرایی و کارگێڕییەکان لە سیستەمە دەوڵەتییەکاندا، بەڵکە لە مانایەکی بەربڵاوتردا و بە تایبەت مانایەکی کۆن، واتە میکانیزمەکان و ڕێوشوێنگەلێک بە مەبەستی ڕێنمایی کردنی مرۆڤەکان، بەڕێوەبردن و ڕێنمایی کردنی ڕەفتاری مرۆڤەکان.»

حوکمڕانیکراو[35]ی[حکوومەتی]ئەوانی تر[36]. گرفت بریتییە لە شیکارکردنی ئەم پەیوەندییەی نێوان کەسانێک کە حوکمڕانیان بەسەردا دەکرێت و کەسانێک کە لە ڕێگەی ئەو شتەوە کە دەتوانین ناوی بنێین پێکهاتەکانی باڵادەستی و پێکهاتەکانی خود یا تەکنیکەکانی خود حوکمڕانی دەکەن[37]. تێدەگەن؟ ئایا ئەمە وەڵامێکە بۆ پرسیارەکەتان؟

**پ. شەشەم**: بەڵێ، سوپاسگوزارم.

**پ. حەوتەم**: تۆ دەرکەوتنی تۆتالیتاریزمت بە هۆکاری شکستی حکوومەتی یاسای بنچینەیی زانی. ئایا ناتوانرێت بە پێچەوانەوە بگوترێت کە بەوردی بەپێی ئەو هۆکارانەی کە ئێستا نیشانت دان و وتت، هێزگەلێکی فرەچەشن بوونیان هەیە کە پێوەندییان بە تەواوێتیی ئەو شتەوە هەیە کە بە حکوومەت ناوت برد؛ و بەرمەبنای ئەمە، بەردەوامیی تۆتالیتاریزم ئەم جۆرە حکوومەتەی مەحکووم بە شکست کرد؟ سەقامگیریی حکوومەتی یاسای بنچینەیی بە سوودوەرگرتن لە فەزای زۆر بەربڵاوی زانست/مەعریفەت و ئەزموونی سەرلەبەری خەڵک ڕەخساوە، خەڵکانێک کە تێگەیشتێکی دەستەجەمعیان هەیە لەمەی کە چۆن حوکمڕانیان بەسەردا بکرێت یا چۆن بەڕێوە ببردرێن. بەڵام ئەمە بە

---

[35]. governable

[36]. بە ڕەچاوکردنی چەمکی ئاڵۆزی حکوومەت و حوکمڕانیکردن یا بەڕێوەبردن، دەتوانرێت ئەم ڕستەیە بەم شێوەیەش دابنرێت: لەو کەسانەدا کە بەڕێوە دەبردرێنبونیادێک بوونی هەیە کە ئەوان دەکاتە کەسانی بەڕێوەبردراوی [ی حکوومەتی] ئەوانیتر. و گرفت بریتییە لە شیکاری ئەم پەیوەندییەی نێوان کەسانێک کە بەڕێوەدەبردرێن و کەسانێک کە لە ڕێگەی ئەو شتەوە کە دەتوانین بە پێکهاتەکانی باڵادەستی و پێکهاتەکانی خود یا تەکنیکەکانی خود ناوی بنێین بەڕێوە دەبەن.

[37]. بۆ جیاکردنەوەی «پەیوەندییە ستراتیژیکییەکان» و «تەکنیکەکانی حکومەت» و «دۆخەکانی باڵادەستی»، و بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو شوێنەی کە«پەیوەندیی خود لەگەڵ خود» لەم چوارچێوەیەدا وەریدەگرێت، بگەڕێنەوە بۆ:

, entretien cit. »L’éthique du souci de soi comme pratique de la liberté«M. Foucault, p. 1547-1548.

تەواوەتی نامۆیە بە بەردەوامیی ناوەکیکردنی هەموو ئەو تەکنیکانەی کە چەندین سەدەیە پەیوەستن بە پرەنسیپێکی چەقگیر و تۆکمەوە. کەواتە شکستی حکوومەتی یاسای بنچینەیی بە هۆی هێزێکی هەڵوەشێنەرەوەیە، هێزێک کە هەمیشە هەوڵ دەدات یەک پێکهاتەی نەگۆڕاو لەو هاوولاتییانەدا پێک بهێنێت کە گوێڕایەڵی لە یەک پرەنسیپی چەقگیر و تۆکمە دەکەن. کەواتە، ئایا دروست نییە کە بڵێین شکستی حکوومەتی یاسای بنچینەیی بە هۆی هەوڵدانەوەیە بۆ پاراستنی تەکنیکەکانی ناوەکیکردنی گوێڕایەڵی لە پرەنسیپێکی چەقگیر؛ و لەم مانایەدا ئایا داڕووخانی سەردەمی یاسایی و حقوقی نەک سەرچاوەگرتوو لە دەرکەوتنی تۆتالیتاریزم بەڵکە سەرچاوەگرتوو لە بەردەوامیی تۆتالیتاریزمە؟

**فوکۆ**: بەردەوامیی تۆتالیتاریزم؟ دڵنیا نیم بەوردی لەو شتە تێگەیشتبم کە وتتان، یا دڵنیا نیم کە بتوانم هاوڕا بم لەگەڵ هۆکار یا شیکارییەک کە خستتانە ڕوو. بەڵام بە هەر حاڵ داڕووخان و لەناوچوونی پێکهاتە حقوقی و یاساییەکان لە ژمارەیەک هۆکاری شایان بە سەنجدانەوە سەرچاوە دەگرێت. و بە دڵنیاییەوە سەرهەڵدانی تۆتالیتاریزم نییە کە هۆکاری داڕووخانی پێکهاتە یاساییەکانە؛ تۆتالیتاریزم تەنها ئەنجامی ئەم هەوڵدانەی پێکهاتە یاساییەکانە لە شێوازی بەڕێوەبردن و حوکمڕانیکردن بەسەر خەڵکدا.

**پ. حەوتەم**: بەڵام ئەم هەوڵە تەنها لەم دواییانەدا بووە.

**فوکۆ**: بەڵام تۆتالیتاریزم تەنها بەردەوامیی پێکهاتە حقوقی و یاساییەکان نییە.

**پ. حەوتەم**: ئایا ئەمە یەکێک لەو شتانە نییە کە ئێمە لە تەواوی ئەم بەراوردانەدا لە هەموو مێژووی سیستەمەکان و تەکنەلۆژیا جۆراوجۆرەکانی خۆددا دەرکی دەکەین، پێکهاتەگەلێک و تەکنەلۆژیاگەلێک کە دواجار بە مەبەستی ئۆتۆریتەیەکی ڕەها ڕێک دەخرێن. و ئەمە یەکێکە لە گرفتەکان، و تۆ دەربارەی پێکهاتەیەکی نەگۆڕاو قسەت کرد کە جەوهەری تاکە و بە باوەڕی من مادام کە ئەم ئۆتۆریتە چەقگیرە لە کۆمەڵگەدا بوونی هەیە، بەدیهاتنی چەمکی حقوقی و یاسایی لە حکوومەتی یاسای بنچینەییدا ئەوەندە ڕەخساو نییە.

**پ. هەشتەم**: پێم وایە زۆر سەرنجڕاکێشە کە نزیک بکەوینەوە لە کاری تۆ لە ڕێگەی چەمکی حکوومەتەوە، هەرچەندە من وەک یەک مێژوونووس هەمیشە بە زۆری ئیلهامم لە پێداگیریت لەسەر ناپەیوەستەگی و دابڕانەکان[38] وەرگرتووە. کاتێک کە قوتابی بووم مێژوو، هەمیشە مێژووی بەردەوامی و پەیوەستەگییەکان[39] بوو و دەتوانم بڵێم کە مۆدێلی یاسایی نموونەیەک بوو لەم پەیوەستەگییە. بە باوەڕی من، یەکێک لەو شتانەی کە دەبێت سەرنجی بدەیت گرفتێکە کە لە سەدەی شانزەیەم و هەڤدەیەمدا دەرکەوت. یاسا گوتەی کەسێکە، گوتەی پادشایان یا گوتەی کەسانێکی وەک پادشایان کە ڕێک دەخرێت و لە هەندێک دامەزراوەدا و دواجار لە حاڵەتی پێویستدا بە توندوتیژی جێبەجێ دەکرێت. ئێستا با چینە سەر ئاماژەکردن بەو شتەی کە پێشتر لەگەڵ تۆدا گفتوگۆم لەسەر کرد، واتە گرفتێک کە من ناوی دەنێم تایبەتێتیی دیکارت، کەسێک کە زۆر بەدتێگەیشتن لەبارەی فەلسەفەکەیەوە هەیە. لە سەدەی شانزەیەمدا کەسێک بە ناوی پیتەر ڕامۆس [...] هەبوو کە تەواوی ئەم هونەرەکانی ڕەوانبێژی داهێنا، واتە هونەرگەلێک کە بە یارمەتیان دەتوانرێت ئەزموونی خود نیشان بدرێت. بە دەربڕینێکی تر، شتێک بە یادگە دەسپێرین چەشنی ئەو کارەی کە هەندێک قوتابی کڵێسا ئەنجامیان دەدا، شتێک کە دەتوانێت جەوهەری فەزیلەت و کردار بێت، و ئەم هونەرە دواتر ڕێکوپێک کرا و بووە جێی سەنجی زۆر کەس. بەڵام پەرچەکرداری دیکارت بۆ ئەم جۆرە گوتارە ئەمەیە کە شیاو نییە پاوانکاریی گوتاری لە هەر مانایەکی ئۆنتۆلۆجییانەدا هەبێت و ئاگایی تاکێتی لە کاردایە.

**ب. کۆڕ**: پرسیارەکەت ناخەیتە ڕوو؟

**پ. هەشتەم**: هەر ئێستا دەیخەمە ڕوو.

**ب. کۆڕ**: باشە.

---

38. discontinuity

39. continuity

**پ. هەشتەم**: و ئەڵبەتە هەمیشە تاکتییەکی دیاریکراو بوونی هەیە. ئێستا خاڵی تایبەت لەم بارەوە ئەمەیە کە ئایا بە ڕاستی دیکارتم بە دروستی دەرک کردووە؟ ئاسایی هەموو شتێک بە [*cogito ergo sum* بیر دەکەمەوە، کەواتە هەم] کۆتایی دێت کە دەربڕینێکە بە زمانی لاتینی و ئەڵبەتە دەزانین کە دیکارت بە زمانی فەڕەنسی دەینووسی، یەک شێوازی دووزمانەی گەلاڵەکردنی گرفت و شایەتیدان لەسەر بوونی گرفت. بەڵام پێم وایە کە شتێک کە لە کاری تۆدا دەیبینم دواجار جۆرێک ڕاڤەی نۆمینالیستیی چییەتیی ئەندێشەیە. بەڵام هەمیشە بیر دەکەمەوەو لە خۆم دەپرسم دیدگای تۆ لەم بارەوە چییە کە دیکارت بە ڕاستی جۆرێک تەڕدەستی ئەنجام دا، چون ئەوەی کە بە ڕاستی هەوڵی دەدا ئەنجامی بدات ئەمە بوو کە ئەرکی سێ شت بە تەواوەتی ڕوون بکاتەوە: وشەگەلێک کە کۆمەڵگە بەکاریان دەهێنێت، ڕوانینی خۆی و گەڕانەوە بۆ ئەزموون. پێم وایە کە ڕێگەچارەی دیکارت بۆ ئەم تەنگژە دووجەمسەرەیەی کە بوونەوەر چییە و بەشەکانی بوون چییە بریتییە لە بە پرەنسیپ وەرگرتنی ئەندازیاریی شیکاری کە بە سادەیی دۆخی مێش نەخشە دەکێشێت. تۆ دەزانیت کە...

**ب. کۆڕ**: پرسیارەکەت؟ دە چرکە زیاتر کاتت نییە.

**پ. هەشتەم**: باشە، دەمەوێت بزانم ئەگەر بۆچوونێکت هەیە بۆچوونەکەت لەم بارەوە چییە (دەنگی پێکەنین و هاندان). من لەم دڵەڕاوکێیەی تۆ بۆ پرسینی پرسیار تێناگەم[٤٠].

**ب. کۆڕ**: کەسانێکی تریش هەن کە دەیانەوێت پرسیار بکەن.

**پ. هەشتەم**: باشە پرسیاریان هەیە و دەپرسن. من کە قسەی تۆم نەبڕی و لەم دڵەڕاوکێیە تێناگەم.

**فوکۆ**: باشە، وەڵامی من زۆر سادەیە. بۆچوونی من دەربارەی ئەم پرسیارە ڕاستتر نییە لە بۆچوونی ئەوانی تر لەم هۆڵەدا. بەرمەبنای ئەمە، پێم وایە کە هەموو کەسێک دەتوانێت

---

[٤٠]. پرسیارکەری هەشتەم ئەمە بە بەڕێوەبەری کۆڕ دەڵێت.

وەڵامی پرسیارەکەتان بداتەوە و بۆچوونی خۆی بڵێت کە ئایا هاوڕایە یا نا. بۆچوون و ڕای من لەم بارەوە هیچ گرنگییەکی نییە.

**پ. نۆیەم**[باری ستراود[41]]: دەتوانم پرسیارێک دەربارەی کانت بکەم؟ (قاڵمەقاڵی پێکەنین لەناو ئامادەبووان) تۆ لە پێشەکییەکەتدا وتت کە کاری تۆ کارێکە دژ بە فەلسەفەی مۆدێرنی سوژە کە لەگەڵ دیکارتدا لەدایک بوو. بۆچی پێت وایە بۆ ڕزگاربوون لە چەمکی سوژە، چەمکێکی بەمیراتبراو لە دیکارت، دەبێت لە هێرمنۆتیکی خودیش ڕزگار ببین؟

**فوکۆ**: نەخێر، من ئەمە ناڵێم. بەڵێ ئەمە ڕاستییە کە گرفتی من و پێم وایە گرفتی زیاتری مرۆڤەکان لە ساڵەکانی پاش جەنگ [ی جیهانیی دووەم]، ڕزگاربوون بوو لە فەلسەفەی سوژە. ئەو ڕێگەیەی کە هەڵمبژارد، بە دڵنیاییەوە، داهێنانی من نییە. بە لایەنی کەمەوە لە نیچە بەدواوە، و ڕەنگە لە هیگڵ بەدواوە- [کە ئەڵبەتە] ئەمە گرفتێکی جیاوازە- ئەمە یەک نەریتە. دیکارت، لەم مێژووەدا، بە دڵنیاییەوە ساتێکی زۆر گرنگە. پێم وایە کە دیکارت یەکەمین فەیلەسوفێکە کە تەکنیکە مەعنەوییەکانی مەسیحییەتی بۆ ئەنجامدانی کارێکی لە بنچینەدا جیاواز لەو شتەی کە ئەم تەکنیکانە دەیان کرد، بەکار هێناوە. مەبەستم ئەمەیە کە دیکارتیەک گوتاری فەلسەفی بەم تەکنیکانە دامەزراند. بە دەربڕینێکی تر، دەتوانم بڵێم کە فەلسەفە لە نەریتی سەدەکانی ناوەڕاستدا، بە دڵنیاییەوە فەلسەفەیەکی مەسیحی یا فەلسەفەیەکی کاسۆلیکی بوو، بەڵام دەتوانین تێبینیی ئەوە بکەین کە فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست هەرگیز فۆرمی یەک تێڕامان لەسەر خود یا فۆرمی یەک خود-هەڵکۆڵین و خود-تاقیکردنەوەی بەخۆوە نەگرت، ئەم فەلسەفەیە هەرگیز فۆرمی ئەو ڕاهێنانە مەعنەوییانەی بە خۆوە نەگرت کە لە نەریتی مەسیحی یا کاسۆلیکدا بوونی هەبوو. گوتاری فەلسەفی، تەنانەت لەو شوێنەدا کە نەریتی مەسیحی جێی مەبەست بوو،

---

41. Barry Strroud؛ فەیلەسوفی کەنەدایی (١٩٣٥-؟) کە یەکێکە لە ئەندامەکانی گرووپی فەلسەفە لە زانکۆی کالیفۆرنیا لە بێرکلی.

فۆرمێکی تری هەبوو. لەگەڵ دیکارتدا- و هەروەها، لەگەڵ سپینۆزادا، بەڵام ئەمە گرفتێکی ترە- بۆ یەکەمین جار یەک تێرامانی فەلسەفی[٤٢] دەدۆزنەوە، کە پرۆژەی سوودوەرگرتنە لە تەکنیکگەلێکی مەعنەوی بۆ دامەزراندنی گوتارێکی فەلسەفی و مەعریفەیەکی فەلسەفی. هۆکاری کولتوری و هۆکاری مێژوویی ئەم کارەش ئەڵبەتە تا ڕادەیەک ڕوونە. بڵاوبوونەوەی ئەم تەکنیکە مەعنەوییەکان، پاش بزووتنەوەی چاکسازیی ئایین و لە وڵاتە کاسۆلیکەکاندا پاش بزووتنەوەی دژە-چاکسازیی ئایین، زۆر گرنگە؛ و سەردەمی زێڕینی تەکنیکە مەعنەوییەکان نەک سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەورووپادا، بەڵکە سەدەی هەڤدەیەمە.و بەم شێوەیە، دیکارت ئەم میتۆدەی بەکار هێنا، و پێم وایە کە- ئەم خاڵە گرنگە- بەم ڕێگەیەی دەستپێکردن، دیکارت بە دڵنیاییەوە لەگەڵ گرفتی تەوەهومی خودی خۆی ڕووبەڕوو بووەوە: کاتێک پێم وایە کە ئەو شتەی کە بیری لێ دەکەمەوە ڕاستەقینەیە، ئایا خۆم خۆم فریو نادەم یا کەسێک لە مندا فریوم نادات؟ ئەم گرفتە نە یەک داهێنانی دیکارتە، نە یەک گریمانەی فەلسەفی؛ ئەمە نەک ڕادیکاڵبوونی فەلسەفە، بەڵکە کۆنترین نەریتی مەعنەوییەتی مەسیحییە کە ئەم جۆرە گومانە لای دیکارت بەرهەم دەهێنێت. لە مەعنەوییەتی مەسیحیدا، یەکەمین گومان[٤٣] دەربارەی هەموو ئەو شتەی کە بە زەییندا دێت ئەمەیە: «ئایا لە مندا کەسێک بوونی نییە، کەسێک کە دەیناسم و نایناسم، لە ئەو بێئاگام بەڵام لە تەواوی بوونی زۆر بەئاگام، ئایا کەسێک بوونی هەیە، واتە شەیتان، کە ئەم ئایدیایە لە مندا بچێنێت و وام لێ دەکات کە پێم وابێت ئەم ئایدیایە ڕاستەقینەیە یا ڕوون، تەنانەت ئەگەر بەم چەشنە نەبێت؟» و دیکارت، بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا، تەکنیکی مەعنەویی هەقیقەت و بنەڕەتی فەلسەفیی هەقیقەتی لە یەکتر جیا کردەوە. لەبەر ئەمەیە کە ئەو قسە لەسەر شەیتانی چەپەڵ دەکات، کە دووبارە هەرگیز گریمانەیەکی

---

[42]. Méditation philosophique/philosophical meditation

[43]. suspicion

فەلسەفی نییە، [بەڵکە] گرفتێکی نەریتی و مەعنەوییە، و دیکارت دەڵێت کە لە دیدگای فەلسەفییەوە، تەنانەت ئەگەر شەیتان لە مندا هەبێت و من فریو بدات، ڕوونی هەر لێرەدایە و هتد[٤٤]. و دیکارت، لەگەڵ ڕێسای ڕوونیدا، ئەو تواناییە بە دەست دەهێنێت کە بتوانێت ڕێگەی خود-هەڵکۆڵینی مەعنەوی یا تاقیکردنەوەی مەعنەویی خود بەکار بهێنێت: ڕێگەم بدەن کە ببینم لە ڕۆحی مندا چی دەگوزەرێت و ڕوو دەدات، ڕێگەم بدەن کە ببینم، موشاهەدە بکەم و کونجکۆڵی بکەم کە لە ئەندێشەمدا چی دەگوزەرێت، و ئەوکات دەتوانم نەک خۆم یا وەسوەسە یا فریودەر یا چی و چی بدۆزمەوە، بەڵکە دەتوانم ڕوونی و هەقیقەت، یەک هەقیقەتی بەهادار تەنانەت بۆ دنیای دەرەوە بدۆزمەوە. و بەم شێوەیە، دیکارت شۆڕشێکی لە تەکنیکە مەعنەوییەکاندا هێنایە کایەوە: هەموو ئەم تەکنیکانە بە ئاڕاستەی ئەم گرفتەدا کار دەکەن کە چی لە قووڵاییەکانی ڕۆحدا دەگوزەرێت، [لە کاتێکدا کە]دیکارت بۆ دۆزینەوەی بنەڕەتی مەعریفەی زانستی سوود لەم تەکنیکانە وەردەگرێت، بنەڕەتی مەعریفەیەکی زانستی کە تەنانەت بۆ دنیای دەرەوە بەهادارە، و ئەو ئەم کارە لە کۆتایی ***تێڕامانەکان*** و لە شەشەمین تێڕاماندا دەدۆزێتەوە[٤٥]. بەوردی نازانم بۆچی

[٤٤]. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەم پنتە، بڕوانن بۆ: GV, p. 297-298 et MFDV, p. 167-168.

[٤٥]. فوکۆ لە یەکەمین وانەی وانەوتاری ١٩٨١-١٩٨٢ لە کۆلێژ دو فرانس، ئەم خوێندنەوەیە دەربارەی دیکارت دووبارە دەکاتەوە و سەرلەنوێ ڕەنگڕێژی دەکاتەوە، و جیاکاریی نێوان «فەلسەفە» و «مەعنەوییەت» نەخشە دەکێشێت، و «ساتی دیکارتی» وەک ڕووداوێکی زۆر ئاڵۆز پێناسە دەکات کە بە هێنانە ناوەوەی مێژووی هەقیقەت لە«سەردەمی مۆدێرن»ـەکەی، نیشاندەری دابڕانێکە لە مێژووی هەقیقەتدا: لەم ساتە بەدواوە«ئەو شتەی کە دەستگەیشتن بە هەقیقەت دەڕەخسێنێت، مەعریفەیە و بەس». بگەڕێنەوە بۆ: HS, p. 15-20. لەگەڵ ئەمەشدا، دەبێت لەبیرمان بێت کە لەم بەستێن و زەمینەیەدا، وشەی «مەعنەوییەت» ئیتر دەلالەت نییە لە تەکنیکە«مەعنەوی»یەکانی مەسیحییەت، بەڵکە دەلالەتە لە«ڕاهێنانە مەعنەوییەکان»، بەو جۆرەی کە پییەر ئادۆ پێناسەی کردبوو (بگەڕێنەوە بۆ: P. Hadot, *Exercices spritules*, art. Cit.). دوو ساڵ دواتر فوکۆ هەڵوێستەکەی لە بەرامبەر دیکارتدا کەمێک دەگۆڕێت و وردبینی دەکات، ئەو دەڵێت کە ***تێڕامانەکان*** هەنگاوێکی «مەعنەوی»یە (بەم مانایەی کە ***تێڕامانەکان*** یەک «کرداری خود»ـە)، چون ئەگەری دەستگەیشتن بە شێوازێکی

ئەمەم بۆ ئێوە ڕوون کردەوە (دەنگی پێکەنین). ئایا ئەوەی کە وتم وەڵامی پرسیارەکەتان بوو؟ نا، نا بەوردی؟ ئەریٚ باشە، ئەمە دەربارەی دیکارت بوو.

**ب. کۆڕ:** دەتوانم پرسیارێک بکەم کە بە جۆرێک لە جۆرەکان ڕوونی بەم پرسیارە ببەخشێت؟ تۆ دەتوانیت دەستنیشانی بکەیت کە کام یەک لە ئێمە پرسیاری دروستی خستووەتە ڕوو، چون بانگەشەی باری ستراود ئەمەیە کە...

**فوکۆ:** پرسیاری ئەو کەسە درووستە کە ئەگەر بە من بدات وەڵامێکی باش بدەمەوە...

**ب. کۆڕ:** دروست بەم چەشنەیە. باری ستراود پێی وایە کە تۆ دەتەوێت زاڵ ببیت بەسەر کەڵکەڵەی فەلسەفیی خودی دیکارتی و *cogitations*[بیرکردنەوە]ی[٤٦] دیکارتدا، و دەپرسێت بۆچی بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە دەبێت سوژە لە پێگە بخەیت و وێرانی بکەیت.

**فوکۆ:** بەڵێ، بەڵێ.

**ب. کۆڕ:** و تۆ بە ڕاستی وەڵامی ئەم پرسیارەت نەدایەوە. بەڵام پێم وانییە کە بە ڕاستی دەتویست ئەم کارە بکەیت.

**فوکۆ:** بەڵێ، بەڵێ، بەڵێ.

**ب. کۆڕ:** پێم وایە کە دەتویست سوژە لە پێگە بخەیت.

---

تایبەتی بوون بە فەلسەفە دەدات لەگەڵ ئەم جیاوازییە کەمەدا کە ئەم شێوازی بوون «بە تەواوەتی بە مەعریفە پێناسە دەکرێت». ***تێڕامانەکانی*** دیکارت بەم شێوەیە دەقبوونی بیٚ پێشینەی «کارکردە مەعنەوییەکان بەسەر ئایدیاڵ و ئامانجی یەک بنەڕەتی زانستێتی»دا بەدی دەهێنێت. بگەڕێنەوە بۆ:

, entretien cit. »L'éthique du souci de soi comme pratique de la libérté«M. Foucault, p. 1547-1548.

[هەروەها بگەڕێنەوە بۆ چاوپێکەوتنی فوکۆ لەگەڵ درایفۆس و ڕابینۆ بە ناونیشانی «دەربارەی ڕەچەڵەکناسیی ئەخلاق»، لە: م. فوکۆ، ***شانۆی فەلسەفە***، ل. ٦٥١-٦٥٤].

٤٦. cogitationes؛ "من بیر دەکەمەوە، کەواتە هەم".

**فوکۆ**: بەڵێ، بەڵێ، بەڵێ. و دەبینن گرفت ئەمە بوو کە لە فەلسەفەی سوژە ڕزگار ببین، فەلسەفەیەک کە لەگەڵ دیکارت دەستی پێ کرد، و هەروەها هەوڵی یەک جینالۆژیای سوژە بدەین لە دیدگای«تەکنەلۆژیاکانی خود»ـەوە. دیکارت گرنگە چون ئەو سوودی لەم تەکنەلۆژیاکانی خود وەرگرت بە مەبەستی دامەزراندنی گوتاری فەلسەفی. بەڵام، لەگەڵ دیکارتدا، ئێمە تەنها لەگەڵ یەک بەکارخستنی ئەم هێرمنۆتیکی خود بەرەوڕووین. و گرفتی هێرمنۆتیکی خود بە باوەڕی من بەربڵاوترە لە گرفتی دیکارتی. بەم چەشنە نییە؟

**پ. نۆیەم**[باری ستراود]: هاوڕام. بەڵام بۆچی پێت وایە بۆ ئەم ئامانجە سنووردارە کە بریتییە لە ڕزگاربوون لە چەمکسازیی دیکارتیی خود و هەڵکۆڵینی فەلسەفیی خود، دەبێت هەروەهاڕزگار ببین لەو شتەی کە خۆت ناوی دەنێیت هێرمنۆتیکی خود بە شێوەیەکی گشتی...

**فوکۆ**: دەزانم کە ئەو شتەی جاری پێشوو وتم ڕوون نەبوو. دەبێت بڵێم کە بە گومانم هێرمنۆتیکی خود لە دەستپێکی مەسیحییەتدا و بە درێژایی پرۆسەیەکی ئاڵۆز داهێنرا و بونیات نرا و هێرمنۆتیکی خود لەم پرۆسەیەدا پەیوەست بوو بە ئەرکی چاوپۆشیکردن لە خود یا خود-قوربانیکردن[٤٧]. و من پێم وایە کە یەکێک لە هەوڵە گەورەکانی کولتوری ڕۆژئاوایی ئەمە بووە کە هێرمنۆتیکی خود بەبێ ئەرکی چاوپۆشیکردنی لە خود یا یەبێ خود-قوربانیکردن بپارێزێت و بەکار بخات و درێژەی پێ بدات و پەیجۆری بکات. بەم پێیە، ئێستا گرفت ئەمەیە کە: ئایا ئێمە لەجیاتیی چاوپۆشیکردن لە خود بنەڕەتێکی ئەرێنیمان بۆ هێرمنۆتیکی خود دۆزیوەتەوە؟ بە گومانم دەتوانین وەڵام بدەینەوە کە نەخێر. ئێمە بە لایەنی کەمەوە لە سەردەمی مرۆڤگەرایی ڕێنیسانسەوە تا ساتی ئێستا هەوڵمان داوە، بەڵام ئەم بنەڕەتەمان نەدۆزیوەتەوە. کەواتە دەتوانین چی بکەین؟ گەڕانەوە

[47]. self-sacrifice

بۆ چاوپۆشیکردن لە خود وەک بنەڕەتی واقیعی و مێژوویی هێرمنۆتیکی خود؟ دڵنیا نیم کە ئەم گەڕانەوەیە ڕەخساو بێت و دڵنیا نیم کە ئەم کارە خوازراو[٤٨] بێت. ڕەنگە گرفت ئەمەیە کە هێرمنۆتیکی خود [...[49]] بێگومان پێویستە بۆ شێوازی حوکمڕانیکردن و بەڕێوەبردرانی مرۆڤەکان یا بۆ شێوازێک کە خۆیان بەڕێوە ببەن و حوکمڕانی بەسەر خۆیاندا بکەن[٥٠]. کەواتە ئێستا گرفت ئەمەیە کە: ئایا هێرمنۆتیکی خود، کە پەیوەستە بە شێوازی بەڕێوەبردران و حوکمڕانیکردن بەسەر ئێمەدا، بە ڕاستی زەروورییە؟ و هەست دەکەم کە پشتپێبەستنێکی هاوبەرابەر هەیە، جۆرێک یارمەتیی دوولایەنە: [لە لایەکەوە] شێوازی بەڕێوەبردران و حوکمڕانیکردن بەسەر ئێمەدا هەوڵ دەدات بە گەڕانەوە بۆ هێرمنۆتیکی خود و زانستە مرۆییەکان و هتد، پاساو بدرێتەوە؛ و [لە لایەکی ترەوە]، هەموو ئەم هێرمنۆتیکەکانی خود دواجار دەگەڕێنەوە بۆ کارکردی سیاسیی باش و دامەزراوە باشەکان و هتد. ئێوە دەتوانن ببینن کە هەموو ئەمانە چەندە دەرهەست و گشتی و ڕەنگە ناڕوونن، بەڵام کاتێک، بۆ نموونە، کارکردی دامەزراوە پەروەردەییەکان[٥١]

---

48. souhaitable/desirable

49. وەستان لە تۆمارە دەنگییەکەدا هەیە؛ لێرەدا بەشی یەکەمی کۆبوونەوەکە تەواو دەبێت و بەشی دووەم دەست پێ دەکات.

٥٠. بگەڕێنەوە بۆ: GV, p. 73-74: «ئەو پرسیارەی کە دەمەوێت جارێکی تر بیخەمە ڕوو ئەمەیە: لە کۆمەڵگەیەکی وەک کۆمەڵگەی ئێمەدا چی ڕوو دەدات کە پیادەکردنی دەسەڵات ڕەخساو نییە بەبێ ئەوەی کە هەقیقەت بەپێی پێوست ئاشکرا ببێت و بەبێ ئەوەی کە بەپێی پێویست هەقیقەت لە فۆرمی سوبێکتیڤیتەدا ئاشکرا ببێت و بەبێ ئەوەی کە لە لایەکی ترەوە لەم ئاشکرابوونەی هەقیقەت لە فۆرمی سوبێکتیڤیتەدا چاوەڕوانیی کۆمەڵێک کاریگەری بکرێت کە ئەودیوی مەعریفەیە، کاریگەریگەلێک کە لە پێڕی ڕزگاری و دەربازبوونن بۆ هەر کەسێک و بۆ هەمووان؟ بە گشتی تێگەگەلێک کە دەمەوێت ئەمساڵ گرنگیان پێ بدەم بەم جۆرەن: چۆن لە شارستانییەتی ئێمەدا پەیوەندییەکانی نێوان بەڕێوەبردن یا حوکمڕانی بەسەر مرۆڤەکاندا و ئاشکرابوونی هەقیقەت لە فۆرمی سوبێکتیڤیتەدا و ڕزگاربوون بۆ هەمووان و هەر کەسێک دامەزرا؟»

51. pedagogical instituations

لەبەرچاو دەگرین، ئێوە زۆر باش دەبینن کە چۆن شێوازی پەروەردە و خوێندن لە لایەن دەروونناسی، دەروونناسیی مندااڵ، دەروونشیکارییەوە، بەدامەزراوەیی دەکرێت و پاساو دەدرێتەوە، و دەروونناسی، دەروونناسیی منداڵ، دەروونشیکاری و هتد بە هۆی ئەم واقیعییەتەوە قەبووڵ دەکرێن و پاساو دەدرێنەوە کە ئەگەر سەرکەوتوون، ئەوا لەبەر ئەوەیە کە کارایی شێوازێکی بەڕێوەبردنی منداڵەکان دەرەخسێنن. ڕوونە؟

**پ. نۆیەم**[باری ستراود]: نەخێر. لەوە تێدەگەم کە چ هێڵێکی فیکری تەی دەکەیت، بەڵام پرسیارەکەی من دەربارەی ئاخێزگەیە کە تۆ لە سەرەتادا دەتویست شتێکی لەبارەوە بڵێیت، مەبەستم ئاخێزگەی ڕەشبینیی تۆیە سەبارەت بە پەسەندکردنی گریمانەی بوونی هەقیقەتەکان دەربارەی خود یا بوونی هەقیقەتگەلێک کە دەکرێت کەشف بکرێن دەربارەی خود، بەبێ پەسەندکردنی گریمانەی چاوپۆشیکردن لە خود وەک پەراوێزێکی زەرووری بۆ ئەو گریمانەیە. دەستت کرد بە گوتنی ئەمەی کە بۆچی لە ئاست پاراستنی گریمانەیەک هاوکات بە پشتگوێخستنی گریمانەیەکی تر ڕەشبینیت. بەڵام وا دێتە بەرچاوم کە ئەم گریمانەیە جیایە لە باوەڕێکی زۆر بنەڕەتی یا پەیوەستە بەم باوەڕە زۆر بنەڕەتییەوە کە دەشێت بەشێک بێت لە سیستەمی حکوومەت و ئاماژەت پێ کرد، باوەڕێکی سرووشتی بەمەی کە شێوازی ڕێکخستنی دامەزراوە پەروەردەییەکانی ئێمە سەقامگیرە لەسەر هەموو ئەو شتەی کە دەتوانین دەربارەی جیهان و خەڵکی جیهان دەرکی بکەین؛ بە دەربڕینێکی تر، باوەڕ بەمەی کە ئێمە دەبێت ئەنجامگیرییەکانمان سەقامگیر بکەین لەسەر ئەو شتەی کە دەیزانین یا دەتوانین تێبگەین و دەرکی بکەین. بەڵام ئەوەی کە پێشنیاری دەکەیت لە لایەنی مێژووییەوە تا ئاستێک یەک خەبات و ململانێیە: ئەگەر دامەزراوەی دەروونناسی سەقامگیر بکەم لەسەر هەقیقەتێک کە پێم وایە دەربارەی دەروونناسی دەیزانم، کەواتە دەتوانرێت ئەم هەقیقەتانە بسەلمێنرێن یا هەقیقەتەکان بە شێوەیەک ئاڕاستە بکرێن بەرەو دامەزراوەگەلێک کە بە حەتمی و بەرپێنەگیراو دەکەونە بەرچاو، و پاشان ئەم دامەزراوانە بگۆڕین...

**فوکۆ**: من بە وردیی لە پرسیارەکەتان تێنەگەیشتم.

**ب. کۆڕ**: بە گومانم بتوانم ئەم پرسیارە بە شێوەیەکی تر بڵێمەوە. ئێمە دەبێت دامەزراوە پەروەردەییەکانمان جێگیر بکەین، و وەک چاوەڕوان دەکرێت جێگیریان دەکەین لەسەر ئەو شتەی کە دەتوانین دەربارەی جیهان و دەربارەی خۆمان دەرکی دەکەین. و پێم وایە کە مەبەستی باری ئەمەیە کە، بە باوەڕی ئەو، تۆ ئەم خاڵە دەخەیتە ژێر پرسیارەوە: ئایا دەتەوێت تەواوی هەوڵەکان بۆ ناسینی مرۆڤ بخەیتە ژێر پرسیارەوە، یا تەنها ڕێگەی دەروونناسی کە هەوڵ دەدات لە مرۆڤ تێبگات، ئەو شتەی کە تۆ بە هێرمنۆتیکی خود ناوی دەبەیت؟ پێم وایە ئەمە بەشێکە لە پرسیارەکە.

**فوکۆ**: بەڵێ، من هەوڵ دەدەم ئەم واقیعییەتە بخەمە ژێر پرسیارەوە کە ئێمە ناچارین یا پێم وایە ئەرکدار و ناچارین کە مەعریفەیەکی زانستی دەربارەی مناڵەکانمان پێک بهێنین تا شێوازی بەڕێوەبردن و حوکمڕانیمان بەسەر منداڵەکاندا پاساو بدەینەوە. ئەمە هەمان ئەو واقیعییەتەیە کە دەیخەمە ژێر پرسیارەوە، نەک ناوەڕۆکی ئەم مەعریفەیە.

**ب. کۆڕ**: مەبەستت ئەمەیە کە دەستگەیشتن بە مەعریفە گونجاوەکان بۆ بەڕێوەبردن[52]ی منداڵەکان شیاو نییە؛ و شتێک دەربارەی منداڵەکان، شتێکی گونجاو بۆ بەڕێوەبردنی منداڵەکان بوونی نییە کە بتوانین پەی پێ ببەین یاخود تەنها ڕێگەی زانستە مرۆییەکان لە ئەنجامدانی ئەم کارەدا دەبەیتە ژێر پرسیارەوە؟

**فوکۆ**: پێم وایە کە بە هەر حاڵ ئەوەی کە دەربارەی دەروونناسیی منداڵەکان وەرمان گرتووە بەپێی پێویست گونجاوە بۆ شێوازێک کە دەمانەوێت تێیدا منداڵەکان بەڕێوە ببەین، چون بە مەبەستی بەڕێوەبردنی مناڵەکان پێویستمان بەوەیە کە دەربارەی دەروونناسیی منداڵ کۆمەڵێک مەعریفە بە دەست بهێنین. و پەیوەندییەکی پێکهێنەر و بنەڕەتی بوونی هەیە لەنێوان ویستی حوکمڕانیکردن یا بەڕێوەبردن و ویستی زانین، و تەواوی ئەم

52. governinig

پەیوەندییانە کە زۆر ئاڵۆزن یەک تۆڕی تەکنیکەکانی بەڕێوەبردن و ڕێوشوێنەکانی زانین پێک دەهێنن؛ ئەڵبەتە ئەوەی کە دەیڵێم زۆر نەخشەیی و کورتە.

**پ. دەیەم**: ئەو مەعریفەیەی کە پیاژە[٥٣] دەربارەی منداڵەکان گەشەی پێ دا چ پێگەیەکی هەیە؟ دەزانم کە ئەم پرسیارە زۆر ئاڵۆزە، بەڵام ئەم پرسیارە بە وردیی لە بڕگەی هاوبەشی ئەم جۆرە گرفتەدا جێ دەگرێت، چون تیۆریی پیاژە بە ئاشکرا تیۆرییەکی زانستییە دەربارەی دۆخەکانی گەشەی مەعریفەتێک یا بە لایەنی کەمەوە بانگەشەی ئەو بەم جۆرەیە، لەگەڵ ئەمەشدا تۆ باوەڕت وایە کە ئەم تیۆرییە هەروەها مەعریفەیەکی زانستییە دەربارەی دیسپلینی منداڵەکان یا بە لایەنی کەمەوە دەتوانێت یەکێک بێت لە مانا بەرهەستەکانی. ئێستا پرسیار ئەمەیە کە تەنانەت ئەگەر ئەم تیۆرییە وەک مەعریفەیەکی زانستی بۆ ئامانجە دیسپلینییەکان بەکار بهێنرێت، ئایا دووبارە دەتوانین بە مەعریفەیەکی زانستی هەژماری بکەین؟ یەکەم، ئایا ئەم تیۆرییە یەک وەسفکردنی شێوازی گەشەی منداڵەکانە و دووەم،ئایا قسەی تۆ ئەمەیە کە زەرووڕەتی هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ئەم جۆرە وەسفکردنەی گەشەی منداڵ دەتوانێت لە پێوەندییەکی جیانەکراوەدا بێت لەگەڵ فۆرمێکی دیسپلیندا؟

**فوکۆ**: پرسیارەکەتان ئەمەیە کە چ جۆرە ئایدیایەکم دەربارەی ئۆبێکتیڤیتە[٥٤]ی ئەم جۆرە مەعریفەیە هەیە؟ باشە، بە گومانم ئەمەی کە مەعریفە لە بوونەکەیدا و لە ئاخێزگە مێژووییەکەیدا و لە بوونە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکەیدا بە قووڵی و لە بنچینەدا پەیوەستە بە تەکنیکێکی حکوومەتەوە، هیچ بێگانەییەکی لەپێشتری نییە لەگەڵ ئەمەدا کە ئەم مەعریفەیە ئۆبێکتیڤە[٥٥]. و نازانم بۆچی دەبێت ئەم جۆرە بێگانەییە بوونی هەبێت. ئەم

[٥٣]. Jean Piaget (١٨٩٦-١٩٨٠)ز؛ دەروونناس و مەعریفەناسی ناوداری فەڕەنسی.

[54]. objectivité/objectivity

[55]. objective

جۆرە بێگانەییە لە حاڵەتێکدا دێتە پێش کە ئەوە قەبووڵ بکەین کە ئێستا پەیوەندییەک لەگەڵ مەعریفەدا جێی مەبەستە ئیتر تەواوی جۆرەکانی تری پەیوەندییەکان لەناو دەچێت و دەبێت لەناو بچێت؛ لە حاڵەتێکدا کە ئەوە قبووڵ بکەین کە پەیوەندیی لەگەڵ مەعریفە و مەعریفەتدا تەنها کاتێک بوونی هەیە کە بە ڕەهایی پەتی و بێخەوش بێت؛ و ئەڵبەتە پێم وایە کە تێزی تەواوی جۆرەکانی فەلسەفەی مەعریفە هەر ئەمەیە؛ و ئەم جۆرە فەلسەفەی مەعریفە بە باوەڕم دەبێت بیخەینە ژێر پرسیارەوە. بۆچی مەعریفە بە هۆی هەبوونی پەیوەندییەکی مێژوویی لەگەڵ پەیوەندییەکانی دەسەڵاتدا و لەگەڵ تەکنیکەکانی حکوومەتدا شیاو نییە ئۆبێکتیڤ بێت؟ بە ڕاستی، لە هۆکارەکەی تێناگەم. و هۆکاری ئەمە لە جۆرێک فەلسەفەدا دەبینم، جۆرێک فەلسەفەی «مێژوونواڕانە[٥٦]» و فەلسەفەی مەعریفە.

**پ. یازدەیەم**: ئایا کاری پیاژە جۆرێک هێرمنۆتیکی خود هەژمار دەکەیت؟

**فوکۆ**: بەڵێ، ئەڵبەتە ئەگەر یەک پانتایی بەربڵاوی مێژوویی ببەخشین بە دەربڕینی «هێرمنۆتیکی خود».

**پ. یازدەیەم**: ئایا کاری کەسێکی تر هەیە کە بە ڕای تۆ نموونەیەکی باشتر بێت؟

**فوکۆ**: کاتێک دەربارەی هێرمنۆتیکی خود قسە دەکەم، مەبەستم جۆرێکی خراپی زانستە مرۆییەکان نییە کە بکەوێتە جەمسەری بەرامبەری جۆری باشەوە. بەڵکە مەبەستم ئەمەیە کە پرۆژەی هێرمنۆتیکی خود چوارچێوەی مێژوویی هەموو زانستە مرۆییەکان بووە. بۆ نموونە، بۆچی لە فەلسەفەی یۆناندا فەیلەسوفەکان بە درێژایی چەندین سەدەی دووروودرێژ بە خەڵکیان دەوت، خەڵکانێک کە زۆر سەرقاڵی ڕێساکانی ژیان و شێوازی ژیانکردن بوون، چۆن ڕەفتار بکەن و بۆچی هەرگیز بیریان لەو ئایدیایە نەدەکردەوە کە خەڵک پێویستیان بە شتێکی وەک زانستە مرۆییەکان هەیە؟ بە باوەڕی من، ئەم ئایدیایە

---

[56]. Philosophie «historienne»

لەگەڵ مەسیحییەتدا دەستی پێ کرد، ئەو کاتەی کە نەک تەنها کتێبی موقەدەس بەڵکە «خود»یش گۆڕا بۆ یەک ئۆبژەی ڕاڤەکردن.

**پ. دوازدەیەم**: ئایا ئەوەی کە لە ئەدەبیاتی مۆدێرندا ڕوو دەدات (شێواوی لە گوتاری گێڕانەوەیی، هەڵوەشانەوەی ڕوو لە زیادی سوژە) دەتوانرێت بە ڕەنگدانەوەی ئەم هەوڵە بۆ ڕزگاربوون لە هێرمنۆتیکی خود هەژمار بکرێت؟

**فوکۆ**: ئەوە پرسیارێکی زۆر باش و زۆر گرنگ و زۆر دژوارە. دەتوانرێت بگوترێت کە ئەدەبیاتی مۆدێرن، بە باوەڕی من، یەکەم کاتێک دەستی پێ کرد کە هێرمنۆتیکی خود جۆرێک نووسراو[57]ی ڕەخساند، نووسراوێک کە، بۆ نموونە، بە مۆنتینی دەستی پێ کرد. لەناوچوونی حەماسە[58]، شانۆ و دەستپێکی جۆرێک ئەدەبیات کە مۆنتینی و چەند کەسێکی تر نوێنەرایەتیان دەکرد، سات و پنتی کرانەوەی هێرمنۆتیکی خود بوو بەڕووی هەموو کەسێکدا کە تا ئەو کاتە کردارێکی تەواو تایبەتی ئایینی بوو. و ئەمە بە هیچ شێوەیەک ئەنجامی داڕووخانی ئەزموونی ئایینی نەبوو، بەڵکە ئەنجامی گەشەکردنی ئەزموونی ئایینی بوو. لۆسەر و بزووتنەوەی دژە-چاکسازیی ئایین سەرچاوە و ڕەگی ئەدەبیاتی مۆدێرنن، چون ئەدەبیاتی مۆدێرن هیچ نییە جگە لە گەشەی هێرمنۆتیکی خود.

**پ. دوازدەیەم**: پرسیاری من زیاتر دەربارەی ئەدەبیاتی هاوچەرخ بوو...

**فوکۆ**: پێم وایە کە گرفتێکیش لە ئەدەبیاتدا بوونی هەیە. بە باوەڕی من لە ئەدەبیاتی مۆدێرندا شتێک هەیە کە پەیوەستە بە یەکێک لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی هێرمنۆتیکی خود: ئەم شتە پەیوەندییێوان هێرمنۆتیکی خود و «چاوپۆشیکردن لە خود»ـە، چون ئەدەبیات[ی مۆدێرن] بە شێوەیەک یەک چاوپۆشیکردن لە خودە، یا هەم چاوپۆشیکردن لە خودە هەم گواستنەوەی خود بۆ ڕیزبەندییەکی تری شتەکان، بۆ کاتێکی تر، بۆ ژێر

---

[57]. écriture/writing

[58]. epic

تیشکی ڕووناکییەکی تر و هتد. کەواتە، نووسەری مۆدێرن بە یەک مانا پەیوەست، خزم، هاوبەستە و هاوشێوەی یەکەمین زاهید[٥٩]ی مەسیحی یا یەکەمین شەهیدی مەسیحییە. ئەم وتەیەی من بە دڵنیاییەوە یەک تەشەر و تانە[٦٠]ی لەگەڵدایە. بەڵام بە باوەڕم ئەم گرفتەی پەیوەندییەکانی نێوان هێرمنۆتیکی خود [لە لایەک] و لەناوچوونی خود، چاوپۆشیکردن لە خود، خود-قوربانیکردن و ڕەتدانەوەی خود [لە لایەکی ترەوە]، ناوکی بنەڕەتیی ئەزموونی ئەدەبیی جیهانی مۆدێرنە.

**پ. سیازدەیەم**: بۆچی ئاخێزگەی هێرمنۆتیکی خود لەجیاتیی مەسیحییەت تا ئەفلاتون بۆ دواوە نابەیت؟

**فوکۆ**: پێم وایە کە ناتوانرێت هێرمنۆتیکی خود لە [فەلسەفەی] ئەفلاتوندا بدۆزرێتەوە. دەتوانرێتتیۆرییەک دەربارەی ڕۆح بدۆزرێتەوە، بەڵام هێرمنۆتیکی خود نەخێر. لە [فەلسەفەی] ئەفلاتوندا هەرگیز شتێکی وەک تاقیکردنەوەی خود[٦١] و تاقیکردنەوەی ڕەگی ئەندێشەکان و هتد نادۆزینەوە. گرفتی ئەفلاتون بڵندیی ڕۆح[٦٢]ـە بە ئاڕاستەی هەقیقەت؛ نەک دۆزینەوەی هەقیقەت لە قووڵاییەکانی ڕۆحدا[٦٣]. و بە ڕێگەیەکی زۆر کورت و نەخشەیی، دەتوانم بڵێم کە پەیڕەوکاری ئەم شیکارییە، بۆ نموونە *gnôthi seauton*،

---

[59]. ascéte

[60]. une pointe d'ironie

[61]. self-examination

[62]. elevation of the soul

[٦٣]. بگەڕێنەوە بۆ: HS, p. 75-76 et CV, p. 147-227. [هەروەها بگەڕێنەوە بۆ: م. فوکۆ، «دەربارەی ڕەچەڵەکناسیی ئەخلاق» لە: ***شانۆی فەلسەفە***، ل. ٦٤٦. فوکۆ لەم گفتوگۆیەدا بە ڕۆشنی ڕوونی دەکاتەوە کە لە فەلسەفەی ئەفلاتوندا تێڕامان لەسەر خود «یەک فۆرمی ئۆنتۆلۆجییانەی تێڕامان و قووڵبوونەوە بوو، نەک یەک فۆرمی سایکۆلۆجییانەی تێڕامان» و ناسینی خود لەلایەن خودەوە دەلالەتە لە دەستگەیشتن «بە مەعریفەیەکی ئۆنتۆلۆجییانەی شێوازی بوونی نەفس» بەبێ ئەوەی کە هەر لەم ڕووەوە هیچ پێویستییەک بۆ ئەنجامدانی هەڵکۆڵینی ویژدان یا تاقیکردنەوەی ویژدان هەبێت].

هیچ پێوەندییەکی بە هێرمنۆتیکی خودەوە نییە. بە باوەڕی من، مێژووی فەلسەفی و نەریتیی ویژدان لە *gnôthi seauton*ەوە تا دیکارت،یەک ڕاڤەکردنی هەڵەیە[٦٤]، و داهێنانە تایبەتەکان، کە بە مەسیحییەت و مەعنەوییەتی مەسیحی دەرکەوتن، لەبەرچاو ناگرێت[٦٥]. ئەڵبەتە مەعنەوییەتی مەسیحی و مەسیحییەت یەک شت نین: مەسیحییەت بە مەسیح دەست پێ دەکات، [لە کاتێکدا کە] مەعنەوییەتی مەسیحی بە قەدیس پاخۆمیوس[٦٦]، قەدیس ئانتۆنیونوس[٦٧]، قەدیس هیرومینوس، قەدیس ئاتاناسیوس[٦٨]، قەدیس ئۆگەستینوس، واتە لە سەدەی چوارەم و پێنجەمدا دەستی پێ کرد.

**پ. چواردەیەم:** بەڵام ئەگەر نەک ئەفلاتون، بۆچی هیراکلیتس نا؟ چون هەرچەندە ئەم بووناسیی خود لای هیراکلیتس نییە، بەڵام وا دەردەکەوێتکە تێگەی تاقیکردنەوەی خود پێشتر لای هیراکلیتوس بوونی هەیە؛ و ئەو لە یەکێک لە برگەکان[٦٩]یدا دەڵێت: «بە شوێن خۆمدا دەگەڕێم»[٧٠]. ئایا ئەمە بە وردیی هێرمنۆتیکی خود نییە؟ (وەستان، دەنگی پێکەنین) پرسیارەکەم ئەمەیە کە بۆچی بۆ مەسیحییەت ئەم هەموو گرنگییە دادەنێیت، بەڵام تا ڕادەیەک هیچ گرنگییەک بە نەریتی یۆنانی نادەیت؟

---

[64]. contresens/misinterpretation

[٦٥]. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر لەم بارەوە بگەڕێنەوە بۆ: GV, p. 224 et MFDV, p. 114.

[٦٦]. Saint Pachomius (٢٩٢-٣٤٦)ز؛ گەورە ڕاهیبی مەسیحی-میسری.

[٦٧]. Antonine Pius (٨٦-١٦١)ز؛ ئیمپراتۆری ڕۆم (١٣٨-١٦١) و خوداناسی پارێزگار.

[٦٨]. Athanasius of Alexandria (٢٩٦/٢٩٨-٣٧٣)ز؛ خوداناسی مەسیحی، ئۆسقۆفی ئەسکەندەرییە و یەکێک لە باوکانی کڵێسا و یەکێک لە ڕاهیبە ناودارەکانی میسر لە سەدەی چوارەمی زایینی.

[٦٩]. fragments.

[٧٠]. «من بابەتی تایبەتی توێژینەوەی خۆمم». لە:

Héraclite, *Fragment CI; Les Présocratiques*, »Bibliothéque de la Pléiade«, paris, Gallimard, 1988, p. 169.

**فوکۆ**: پێم وایە کە لە نەریتی یۆنانیدا، گرفتی خود وەک یەک بوونەوەر بە ڕاستی گرنگە، بەڵام گرفتی خود وەک یەک ئۆبژە گرنگ نییە. ئەو تەکنیکانەی کە لەبەرچاوگرتنی خود وەک یەک ئۆبژەی مەعریفە دەڕەخسێنن، بە هەمان ئەندازە گرنگ نین کە کاری ناسین[٧١] یا نیشاندانی خود وەک یەک بوونەوەر گرنگە. بۆ نموونە، ئەو شتەی کە من لە یەکەمین ڕێوڕەسمە مەسیحییەکانی تەوبەدا سەراسیمە دەکات هەر ئەمەیە: *exomologesis*، کە لەم ڕێوڕەسمانەدا بۆ گوناهکار بە هیچ شێوەیەک زانینی سرووشتی گوناهەکان لە ئارادا نییە یا زانینی ڕیشەی گوناهەکان یا ڕوونکردنەوەی گوناهەکان بۆ ئەوانیتر؛ بەڵکە گرفت تەنها نیشاندانی بوونەکەیەتی وەک یەک گوناهکار. و پێم وایە کە لە نەریتی یۆنانیدا، بۆ نموونە لە کۆمەڵگە یۆنانییەکاندا، تاکی داواکار[٧٢] بوونەکەی وەک داواکار نیشان دەدات؛ ئەو تەریک خراوە و ئومێدەوارە... یا بۆنموونە ئۆدیپۆس، لە کۆتایی تراژیادا دەگات، دەرگاکانی کۆشک دەکرێنەوە، و هەمووان دەتوانن ئەو ببینن؛ ئۆدیپۆس ڕووبەڕووی کۆشک دەبێتەوە و خۆی وەک بکوژی باوک، وەک مێردی دایک نیشان دەدات. ئەگەر ئێوە پێتان خۆشە، ئەمە یەک جۆری *exomologesis*ە؛ بەڵام هیچ هاوشێوەییەکی لەگەڵ پێکهێنانی خود وەک یەک ئۆبژە نییە[٧٣]. و پێم وایە نە لای ئەفلاتون نە لای هیراکلیتس ناتوانین شتێکی وەک پێکهێنانی خود[٧٤] وەک یەک ئۆبژە بدۆزینەوە. بەڵام ئەمە

---

[71]. knowing

[72]. suppliant/supplicant

[٧٣]. فوکۆ لە ٢٤ی ئۆکتۆبەری ١٩٨٠ لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ هیوبێرت درایفۆس، دووبارە دەپەرژێتە سەر هەندێک لەو خاڵانەی کە لە هاوسن لێکچەرز و لەم گفتوگۆیەدا دەیانخاتە ڕوو. ئەو لەم بارەوە دەڵێت: «مەبەستی من [لە هێرمنۆتیکی خود] شتێکی هەمەلایەنتر و بەربڵاوترە لە بەکارهێنانی پەتیی هێرمنۆتیک بۆ ناسینی مرۆڤ. مەبەستی من [لە هێرمنۆتیکی خود] ئەمەیە کە مرۆڤ وەک سوژە لە سوبێکتیڤیتەی خۆیدا دەتوانێت بۆ خۆی بابەت یا تێگەی ناسین بێت.» بگەڕێنەوە بۆ:

F. Foucault, *Discussion about books*, conversation cit.

[74]. constituation of the self

بەم مانایە نییە کە گرفتی بوونی خود گرنگ نییە. ئایا ڕوونە؟ دڵنیا نیم، بەڵام ڕەنگە بتوانن ڕاڕەوی جووڵەی من ببینن.

**پ. پازدەیەم**: پرسیارەکەی من لە جۆری پرسیاری میتۆدۆلۆژیکی[٧٥]یە. لە کارەکانی پێشووتدا وا دەردەکەوێت کە جەختی زۆر لەسەر ناپەیوەستەگی و دابڕانە مێژووییەکان دەکەیتەوە، لە کاتێکدا کە ئێستا وا دەردەکەوێت جەخت لەسەر پەیوەستەگی و بەردەوامی لە سەرەتای مەسیحییەت بەدواوە دەکەیتەوە. ئایا ئەمە لەبەر ئەوەیە کە تێگەیشتن، ئایدیا و چەمکسازیی تۆ دەربارەی پەیوەستەگی یا دابڕانی کردارە مێژووییەکان گۆڕاوە، یا لەبەر ئەوەیە کە بابەتێکی جیاواز توێژینەوە دەکەیت و سەروکاریت لەگەڵ تێگەیەکی تردا هەیە؟

**فوکۆ**: ڕەنگە بە هۆی هۆکاری سێیەم. دەزانن پێم وایە یەکێک لە پرسیارە بنەڕەتییەکانی فەلسەفەی ڕۆژئاوا لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا ئەمەیە: «ڕۆشنگەری چییە؟»[٧٦] ئەم گرفتەی کە لە سەدەی شانزەیەمەوە تا سەدەی هەژدەیەم چی ڕوویدا، و گرفتی پێکهێنانی جۆرێک عەقڵانییەت و جۆرێک مەعریفەت، یا پێکهێنانی پەیوەندییەک لەنێوان کۆمەڵگە و عەقڵانییەت و هتد، هەموو ئەمانە بە باوەڕی من گرفتێکی گرنگ بوون، یا یەکێک بوون لە گرفتە گەورەکانی فەلسەفە. پێم وایە کە لە سەدەی نۆزدەیەم بە دواوە بە ڕاستی دوو

---

[75]. methodological

[٧٦]. فوکۆ لە ١٩٧٨ بە تایبەت لە وتاری «ڕەخنە چییە؟» و هەروەها لە پێشوتاری چاپی ئینگلیزیی *Le normal et le pathologique*[***نۆرماڵ و نەخۆش***]، بەرهەمی جۆرج کانگلیم، دەستی کرد بە بەتێگەکردنی گریمانەی *Aufklarung*[***ڕۆشنگەری***]، ڕۆشنگەری وەک گرفتێکی بە وردیی فەلسەفی. لەم بارەوە بگەڕێنەوە بۆ وتاری «ڕەخنە چییە؟» و «Introduction par Michel Foucault», dans DE II, n219, p. 431-433.

سەرەڕای ئەمەش، فوکۆ یەکەمین وانەی وانەوتاری ١٩٨٢-١٩٨٣ لە کۆلێژ دو فڕانس، تەرخان کرد بۆ ئەم پرسیارە و پوختەیەکی لە ١٩٨٤ لە گۆڤاری ئەدەبیات چاپ کرا، و هەروەها وتاری ناوداری بڵاوکراوە لە هەمان ساڵدا لە *The Foucault Reader*. بگەڕێنەوە بۆ:

, art. cit.»Qu’est-ce que les Lumières?«? et »What is Enlightenment«GSA, p. 3-39;

ڕێگەیبوون بە فەیلەسوف بوونی هەبووە: یا خستنەڕووی پرسیاری دێرینی «هەقیقەت چییە؟» یا خستنەڕووی پرسیارێکی تازەتر «ڕۆشنگەری چییە؟»؛ و لە نێوان ئەم دوو پرسیارەدا نەک تەنها کۆمەڵێک جیاوازی هەیە، بەڵکە هەروەها کۆمەڵێک پەیوەندیی قووڵ بوونی هەیە، چون ڕەنگە شیاو نییە بپرسین «هەقیقەت چییە؟» بەبێ ئەوەی کە بپرسین «ئەم جۆری عەقڵانییەتە چییە کە ئێستا بەکاری دەخەین تا وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە؟» و بە دڵنیاییەوە ناتوانرێت وەڵامی پرسیاری «ڕۆشنگەری چییە؟» بدرێتەوە بەبێ وەڵامدانەوەی پرسیاری «ئەم هەقیقەتە چییە، مێژوومەندیی ئەم هەقیقەتە چییە بە چەشنێک کە شتێکی وەک ڕۆشنگەری ڕەخسا؟» لە دوای یەکەمین یا دووەمین وتارم، کەسێک لە منی پرسی «ئایا تۆ یەک فەیلەسوفیت؟»- نازانم بە گومان و بەدگومانی پرسی یا نا، بەڵام گرنگییەکی ئەوتۆی نییە. بەڵام دەربارەی ئەم پرسیارە هیچ نازانم، ڕەنگە یەک فەیلەسوف نیم. بە هەر حاڵ، پێم وایە پرسیارێک کە بە بەردەوامی گرنگیم پێ دا پرسیارێکی فەلسەفییە؛ ئەم پرسیارە ئەمەیە: «ڕۆشنگەری چییە؟» هەوڵم دا ئەم پرسیارە لە ڕێگەی گرفتە مێژووییە تەواو بەرهەستەکانەوە شیکار بکەم، و هەر لەبەر ئەمەیە کە هەمیشە ئەم قۆناغەم لە سەدەی شازدەیەمەوە تا سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم توێژینەوە کردووە. هەموو کتێبەکانم هەوڵێکە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە[٧٧]. و بە تایبەت بە لایەنی کەمەوە دەربارەی سێکسواڵیتە دەبوو بگەڕێمەوە بۆ دواوە. هەروەها

---

[٧٧]. بگەڕێنەوە بۆ:

M. Foucault, «Qu'est-ce que les Lumières?», art. cit., p. 1506-1507.

«وا دێتە بەرچاوم کە هەڵبژاردنێکی فەلسەفی کە ئێستا خۆمان لەگەڵیدا بەرەوڕوو دەبینین ئەمەیە: ئێمە دەتوانین فەلسەفەیەکی ڕەخنەیی هەڵبژێرین کە بکرێت بە یەک فەلسەفەی شیکاریی هەقیقەت بە شێوەیەکی گشتی پێناسە بکرێت، یا دەتوانین یەک ئەندێشەی ڕەخنەیی هەڵبژێرین کە فۆرمی یەک بوونناسیی خودمان، یەک بوونناسیی ئێستاییبوون وەربگرێت؛ ئەم فۆرمەی دوایی فەلسەفەیە کە لە هیگڵەوە تا نیچە و ماکس ڤێبەر و دواتر تا قوتابخانەی فرانکفۆرت فۆرمێکی تێرامانی دامەزراند کە من هەوڵم داوە تێیدا کار بکەم.»

ڕەنگە بتوانین بڵێین کە دوو ساتی گرنگی فەلسەفی بوونی هەیە: ساتی پێش-سوکراتی[٧٨] و ساتی ڕۆشنگەری. و زۆر سەرنجڕاکێشە ئەگەر بەراورد بکەین لەنێوان ڕێگەی هایدیگەرییەکان کە ساتی پێش-سوکراتیان توێژینەوە کرد و ڕێگەی ڤێبەرییەکان کە ساتی ڕۆشنگەریان شیکار کرد. و من ئێستا کونجکاوم و لە خۆم دەپرسم کە ئایا ساتێکی نە هێندە سەرنجڕاکێش و بەرچاو بوونی نییە کە لە نێوانی ئەم دوو ساتەی تردا جێ بگرێت، و دەتوانێت ساتی باوکانە[٧٩] بێت لە سەدەی چوارەم و پێنجەم[ی زاییندا]، و لەم ساتەدا شتێک دەرکەوت کە لە ساتی پێش-سوکراتیدا بوونی نییە، و بەر لەوەی کە پێشوەخت ڕۆشنگەری دەست پێ بکات، شکڵی گرتبوو. ئەم ساتە و ئەم شتە پێکهێنانی ئەو شتەیە کە من ناوی دەنێم هێرمنۆتیکی خود، دەستپێک یا ئاخێزگەی خودی ڕۆژئاوایی کە شتێکە بەدەر لە لەناوچوونی بوون و بەدەر لە دەستپێکی عەقڵانییەتی مۆدێرن[٨٠]. ئایا ڕوونە؟

---

[78]. pre-Socratic

[٧٩]. patristic/patristique؛ ئاماژە بە باوکانی کڵێسا.

[٨٠]. فوکۆ لە وەڵامدانەوەی پرسیاری هیوبێرت درایفۆسدا، پرسیارێک دەربارەی گرفتی پەیوەستەگی و ناپەیوەستەگی لە شیکارییە مێژووییەکاندا، ڕوونی دەکاتەوە کە «لەگەڵ ئەمەشدا، لە دیدی مندا گرنگیدان بە ناپەیوەستەگی یا دابڕانەکان لە بنچینەدا یەک میتۆدە نەک یەک ئەنجام. من شتەکان بۆ دۆزینەوەی ناپەیوەستەگییەکان وەسف ناکەم، بەڵکە هەوڵ دەدەم لەو شوێنەدا کە وا دەردەکەوێت ناپەیوەستەگییەکان دەردەکەون، هەڵسەنگاندنیان بۆ بکەم نەک ئەمەی کە دەستبەجێ کورتیان بکەمەوە. [...] و درووستە کە زۆرێک لە پرۆسە بەردەوام یا درێژخایەنەکان لە دەستم دەرچوون و من لەسەر ناپەیوەستەگییەکان کە لە خوێندنەوەی یەکەمدا بەرچاوم دەکەوتن، دەوەستام. من سەرتر نەدەچووم، چون پێم وایە ژمارەیەک کاتیگۆری و هێڵ و سیستەمە گرنگەکانی بەردەوامیم لەبەردەستدا نەبوو و وا دەکەوتە بەرچاوم کە ئەو شتەی دوێنێ [لە ماوەی گفتوگۆکەدا] دەربارەی ساتی پێش-سوکراتی، ساتی مەعنەوییەتی مەسیحی و ساتی ڕۆشنگەری وتیان، ئەگەرێکی ئێجگار باشتر بە من دەدات کە ئێستاکە پەیوەستەگیی شتەکان بخەمە شوێنی خۆی.» بگەڕێنەوە بۆ:
M. Foucault, *Discussion about books*, conversation, cit.

**پ. شازدەیەم**: ئایا لەنێوان حکوومەتی شوانیی کاسۆلیک و سەرهەڵدانی دەوڵەتی مۆدێرن، کە ساڵی ڕابردوو لە ستانفۆرد قسەت لەبارەوە کرد[٨١]، و ئەم تەکنەلۆژیاکانی خود هیچ پەیوەندییەک بوونی هەیە؛ و ئەگەر بەڵێ چ پەیوەندییەک؟

**فوکۆ**: ئێوە لەم وتارانەدا ئامادە بوون؟ ئەم پرسیارە تەنها لەبەر ئەوە دەکەم کە وەڵامەکەم ڕێک بخەم. پێم وایە کە ئەم پەیوەندییە بە ڕاستی ڕوونە، چون لە وتارەکانی ستانفۆردا هەوڵم دا ئەو شتە شیکار بکەم کە دەتوانم ناوی بنێم حکوومەت و ئەم جۆرە تەواو تایبەتەی حکوومەت کە نەک تەنها حوکمڕانییە بەسەر گرووپگەلێکی وەک شارەکان و دەوڵەتەکان و هتد، بەڵکە بەڕێوەبردن و حوکمڕانییە بەسەر تاکەکاندا؛ و بۆچی و چۆن لە کۆمەڵگەکانماندا هەم حوکمڕانیی دەوڵەت بەسەر جەماوەرە مەزنەکانی خەڵکدابوونی هەیە و هەم حوکمڕانی بەسەر تاکەکاندا لە تایبەتترین تاکێتییاندا[٨٢]. و لایەنێکی تری ئەم جۆرە حکوومەتە بریتییە لە گرفتی تەکنەلۆژیاکانی خود کە بە باوەڕی من مەرجە بۆ ئەم حکوومەتی شوانی[٨٣]یە، مەرجی بوون و کارکردنی حکوومەتی شوانی. لە ڕاستیدا، بەبێ تەکنەلۆژیاکانی خود، حکوومەتی شوانی ناتوانێت کار بکات. و لە بەرامبەردا، زۆر باش دەزانین کە پەناگەی تەکنەلۆژیاکانی خود حکوومەتی جۆری شوانییە کە بە دڵنیاییەوە، بۆ نموونە، لە کڵێسادا و هەروەها لە دامەزراوەکاندا، چەشنی دامەزراوەی پەروەردە و فێرکردن، چەشنی دامەزراوە سیاسییەکان و هتد دەیبینین.

---

[٨١]. مەبەست لەو وتارانەیە کە فوکۆ لە دەیەم و شانزەیەمی ئۆکتۆبەری ١٠٧٩ لە زانکۆی ستانفۆرد پێشکەشی کردن و لەژێر ئەم ناونیشانەدا چاپ کران:

, conférences, cit., »: vers une critique de la raison politique"Omnes et singularium«"
p. 953-980.

[٨٢]. دەربارەی دەسەڵاتی شوانی، سەرەڕای وتارەکانی ستانفۆرد، هەروەها بڕوانن بۆ:

, »Sexualité et pouvoir« et »La philosophie de la politique«STP, p. 127-232;
dans DE II, n 232 et 233, en particulier p. 547-551 et 559-566.

[83]. pastoral government

**پ. شازدەیەم**: کەواتە ئەمە پەیوەستە بەو شتەوە کە لە سەرەتای ئەم گفتوگۆیەدا وتت، واتە دەربارەی شکستی دیدگای یاسایی لە بەڕێوەبردن یا حوکمڕانیکردن لە ڕێگەی یاسای بنچینەییەوە.

**فوکۆ**: بەڵێ، بەم جۆرەیە.

**پ. هەڤدەیەم**: ئایا جیاکاری دەکەیت لە نێوان دەسەڵات و باڵادەستی؟

**فوکۆ**: بەڵێ.

**پ. هەڤدەیەم**: چ جیاکارییەک؟

**فوکۆ**: پێم وایە کە لەم بارەوە ڕوونکردنەوەم داوە. حکوومەت یەک پەیوەندیی پەتیی باڵادەستی نییە، واتە حکوومەت تەنها ڕێگە و میتۆدێک نییە بۆ سەپاندنی ویستی یەک کەس بەسەر کەسانی تردا. حکوومەت تەکنیکێکە کە سوودوەرگرتن لە خودی خەڵکی و ڕێنمایی خودی خەڵکی بە مەبەستی باڵادەستی دەرەخسێنێت[٨٤]. ڕوونە؟

**پ. هەڤدەیەم**: بەڵێ، بەڵام پرسیارەکەی من دەربارەی حکوومەت نەبوو، بەڵکە دەربارەی جیاوازیی نێوان دەسەڵات و باڵادەستی بوو. لەبەر ئەوە ئەم پرسیارەم خستە ڕوو کە لە ***چاودێری و سزا*** و هەروەها لە ***مێژووی سێکسواڵیتە***دا [***ویستی مەعریفەت***] وا دەرناکەوێت کە جیاکردنەوەیەکی ڕوون دابنێیت لە نێوان شێوازەکانی پەیوەندییەکانی دەسەڵات کە زیاتر ڕووی لە ئاڕاستەی باڵادەستییە و شێوازەکانی پەیوەندییەکانی دەسەڵات کە زیاتر ڕووی لە ئاڕاستەی ڕزگاربوونە، یا ئەگەر بمانەوێت مێژوویی تر قسە بکەین، جیاوازیی نێوان فاشیزم و سۆسیالیزم...

**فوکۆ**: باشە، دەتوانم بڵێم کە، لە دیدی مندا، کاتیگۆریی دەسەڵات هەمەلایەنترە، و لەم کاتیگۆرییەدا دەتوانن پەیوەندییەکانی باڵادەستی بدۆزنەوە، کە سادەترین و توندوتیژترین

[٨٤]. «حکومەت یەک تەکنیکە، تەکنیکێک کە ڕێگە بە کەسێک خود [self]ی خەڵکی بەکار بهێنێت و ڕێنمایی خود [self-conduct]ی بکات، بۆ مەبەستی دەستخستنی باڵادەستی.»

پەیوەندییەکانی دەسەڵاتە. هەروەها دەتوانن تەکنیکگەلێکی حکوومەت بدۆزنەوە کە ڕێگە و میتۆد و تەکنیکگەلێکن کە ڕێگە بە ئێوە دەدەن دەسەڵات پیادە بکەن، بەبێ سوودوەرگرتن لە توندوتیژی و هتد. ڕوونە؟ کەواتە دەتوانم بڵێم کە باڵادەستی تەنها یەک ڕێگەیە بۆ پیادەکردنی دەسەڵات، نەک باشترین یا دڵنیاترین ڕێگە. بەڕێوەبردن یا حوکمڕانیکردن ئێجگار کاراترە. دەتوانم بڵێم کە باڵادەستی تەنها یەک قەیرانی پەیوەندیی دەسەڵاتە[٨٥]، کاتێک کە ئێوە جگە لە پیادەکردنی باڵادەستی ناتوانن هیچ کارێکی تر بکەن. بەڵام هەر کە بتوانن، ئەگەر ئیمکان وتەکنیک و ڕێگەتان هەبێت، ئەواحوکمڕانی دەکەن نەک باڵادەستی....

**پ. هەڤدەیەم**: مانایەک بە حکوومەت دەدەیت کە حکوومەت لە بنچینەدا بۆ مرۆڤەکان بەسوود نییە، واتە قسە لەسەرتەکنیکەکانی خود وەک تەکنیکگەلێکی زەرووری بۆ بەڕێوەبردن یا حوکمڕانیکردن دەکەیت. کەواتە ئایا «حکوومەت» لە ڕوانگەی تۆدا هەمیشە مانایەکی سووکایەتی ئامێز[٨٦] یا نەرێنی هەیە؟

**فوکۆ**: ئێوە باش دەزانن کە هەوڵ دەدەم وەسفکردنێکی لەڕادەبەدەر نەرێنی یا سووکایەتی ئامێز پێشکەش نەکەم. ئەوەی کە دەتوانم بیڵێم ئەمەیە کە نامەوێت مانایەکی ئەرێنی و ستایش ئامێز[٨٧] بدەم بە تەکنەلۆژیاکانی خود و مانایەکی نەرێنی و سووکایەتی ئامێز بە تەکنەلۆژیاکانی باڵادەستی. تەکنەلۆژیاکانی خود، لانیکەم لە شیکارییەکانی مندا، باشتر یا خراپتر نین لە تەکنەلۆژیاکانی تر.

**پ. هەژدەیەم**: بەکارخستنی وشەی «خود» من تووشی سەرلێشێواوی دەکات، چون تا هەنووکە پێم وابوو کە وشەی «خود» کەم تا زۆر وەک هاومانای «ڕۆح» بەکار

[٨٥]. لە فەرەنسییەکەوە: پەیوەندیی قەیرانیی دەسەڵات.

[86]. pejorative

[87]. laudative/laudatory

دەهێنیت،ئەڵبەتە لەو مانایەدا کە لە ***چاودێری و سزا***دا دەڵێیت ڕۆح زیندانی جەستەیە[٨٨]. ئایا مانایەکی تری «خود»ت مەبەستە، «خود»ێک کە دژبەرە لەگەڵ ئابووریی جەستەکان و چێژەکان کە بە باوەڕی من بەم شێوەیە «خود» دەسڕێتەوە. دەتوانیت مەبەستت لە «خود» ڕوون بکەیتەوە، یا ڕوونی بکەرەوە چی لە «خود» تێدەگەیت؟

**فوکۆ**: پرسیارێکی گرنگ و دژوارە. وەک دەزانن، ئێمە لە زمانی فەڕەنسیدا هاوتای وشەی «self[خود]»مان نییە و ئەمە مایەی داخە، چون پێم وایە وشەیەکی باشە. لە زمانی فەڕەنسیدا، دوو وشەی «sujet» و «subjectivité»مان هەیە و نازانم زۆربەی کات سوود لە «subjectivité» وەردەگرن یا، نا بەڵام پێم وانییە. مەبەستی من لە «soi[خود]»جۆری پەیوەندییەکە کە مرۆڤ وەک یەک سوژە دەتوانێت لەگەڵ خۆیدا هەیبێت و بیپارێزێت[٨٩]. بۆ نموونە، مرۆڤ دەتوانێت، لە شاردا، یەک سوژەی سیاسی بێت. مەبەست لە سوژەیەکی سیاسی ئەمەیە کە ئەو دەتوانێت دەنگ بدات، یا ئەوانی تر بیچەوسێننەوە و هتد. «soi» ئەو جۆری پەیوەندییەیە کە ئەم مرۆڤە وەک سوژە لە پەیوەندییەکی سیاسیدا لەگەڵ خۆیدا هەیەتی. دەتوانرێت ئەمە لە زمانی فەڕەنسیدا بە «subjectivité» بخوێنرێتەوە، بەڵام ئەمە باش و دڵخۆشکەر نییە، و پێم وایە کە «soi» باشترە. ئەم جۆری پەیوەندیی سوژە لەگەڵ خۆیدا، ئامانج و نیشانگە[٩٠]ی تەکنیکەکانە...

---

[٨٨]. م. فوکو، ***مراقبت و تنبیه: تولد زندان***، ص ٤٢. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ: *DP*, p. 30.

[٨٩]. فوکۆ لە وانەی ١٢ی مارسی ١٩٨٠ لە وانەوتاری ***بەڕێوەبردنی زیندووەکان***، دەڵێت کە مەبەستی لە«subjectivité» «شێوازی پەیوەندیی خود لەگەڵ خودە». بگەڕێنەوە بۆ: GV, p. 220-221. فوکۆ لە یاداشتێکدا کە بۆ پێشەکیی «فوکۆ» لە ***فەرهەنگنامەی فەیلەسوفەکان*** دەینووسێت، بە شێوەیەکی هاوشێوە جەخت دەکات کە مەبەستی لە«subjectivité» «شێوازێکە کە سوژە خودی خۆی لە یەک گەمەی هەقیقەتدا ئەزموون دەکات و لەم گەمەیەدا لەگەڵ خوددا پەیوەندی هەیە». بگەڕێنەوە بۆ:

M. Foucault, «Foucault», art. Cit., p. 1452.

[90]. *cible*/target

و کاتێک کە وتم ڕۆح زیندانی جەستەیە، بە دڵنیاییەوە نوکتە بووە، بەڵام ئایدیا ئەمە بووە کە جەستە لەم جۆرە دیسپلینەدا، لە ڕێگەی جۆرێک پەیوەندیی تاک لەگەڵ خۆیدا، پێناسە دەکرێت و سنووردار دەکرێت. ئەم جۆرە [پەیوەندییەیە] کە دیسپلین دەسەپێنێت و شوێنێکی دیاریکراو و پێناسەیەکی دیاریکراو و گرنگییەکی دیاریکراو و بەهایەکی دیاریکراو و هتد بە جەستە دەدات. ڕوونە، نا؟ کاتێک کە پرسیار دژوارە ئینگلیزییەکەی من بە ڕاستی لاوازە.

**پ. نۆزدەیەم**: ئایا نوکتەگەلێکی تریش لە کاری تۆدا هەیە کە ئێمە دەبێت بیانزانین (دەنگی پێکەنینی بەرز).

**فوکۆ**: باشە، دڵنیام کە ئێوە ئەو نوکتانە شک دەبەن (بەردەوامیی دەنگی پێکەنین).

**پ. بیستەم**: کاتێک دەڵێیت دۆزینەوەی بنەڕەتێک بۆ هێرمنۆتیکی خود سەرکەوتوو نەبووە یا بە وتەی تۆ شکستی هێناوە، دڵنیا نیم لە چەمکسازیی تۆ دەربارەی خود تێبگەم. و باش تێناگەم کە مەبەستت لە خود چییە، واتە خودێک کە لەسەر پەیوەندیی خود لەگەڵ خود دامەزراوە: ئایا مەبەستت لەو شتەیە کە لۆجیکزانان ناوی دەنێن پەیوەندیی هاوشوناسی[٩١] یا مەبەستت لە شتێکی ترە؟ ڕێوشوێنگەلێکی زانستیی زۆر هەیە کە بەدواداچوونیان بۆ دەکەین هەرچەندە شکستمان هێناوە لە دۆزینەوەی بنەڕەتێک بۆیان، و هەندێکجار دەزانین کە هەرگیز هیچ بنەڕەتێکیان بۆ پەیدا ناکەین وەک لە حاڵەتی ماتماتیکدا دەیبینین. مەبەستت ئەمەیە کە ئێمە سەرکەوتوو نابین لەوەدا کە بنەڕەتێک بۆ هەندێک لە جۆرەکانی مەعریفە، بۆ نموونە زانستە مرۆییەکان، بدۆزینەوە، یا مەبەستت ئەمەیە کە ناتوانین دەستمان بگاتە مەعریفە و ناسینی خۆمان؟

[91]. une relation d’identité/the relation of identity

**فوکۆ**: با تەنها خاڵێک لە دەستپێکدا بڵێم: پەیوەندیی خود لەگەڵ خود، بە باوەڕی من، پەیوەندیی هاوشوناسی نییە[٩٢]. بەڵام، ئێستا خاڵی دووەم و پرسیاری بنەڕەت و شکست. لە هەزاران ساڵ لەمەوبەرەوە، تەکنیکگەلێکی زۆر دەربارەی ڕەفتاری مرۆیی پێک هێنراون؛ بۆ نموونە، تەکنیکەکانی بەیادگەسپاردن[٩٣]، یا تەکنیکە پەروەردەییەکان، یا خود-هەڵکۆڵین و خود-تاقیکردنەوە و دانپێدانان و هتد. بە درێژاییی چەندین سەدە، بە باوەڕی من کەسانێک پەرەبان بەم تەکنیکانە دا کە هیچ سەروکاریەکیان نەبوو لەگەڵ گرفتی مرۆڤ، یا زانستی مرۆڤ، یا فەلسەفەی مرۆڤ، و گرفتی بوونی جۆرێک مرۆڤ کە بتوانێت هەم بنەڕەت هەم پاساوی تیۆرتیکیی ئەم تەکنیکانە بێت، و بتوانێت ڕەگی عەقڵانی و پێوەر و نۆرمی عەقڵانی بەم تەکنیکانە بدات. و بە باوەڕی من لە سەدەی شازدەیەم یا هەڤدەیەم بەدواوە ڕسکان و گەشەی ئەم تەکنیکانە ئیتر بەبێ گەڕان بەدوای بنەڕەتی تیۆرتیکیی تەکنیکەکان شتێکی ڕەخساو نەبوو. و دەتوانین زانستە مرۆییەکان بەم هەوڵ و گەڕانە هەژمار بکەین. و باشە، ئەم پرسیارە لە ئێوە دەپرسم: ئایا بە ڕاستی پێتان وایە کە یەکەم، ئەم دەروونناسی و ئەم مرۆڤناسی و ئەم دەروونپزیشکی و هتد توانیویانە وەڵامی پێویستییە زانستییەکان بدەنەوە کە لە زانستەکانی تردا بەدی هاتووە؟ و پاشان، پێتان وایە کە یەک زانستی مرۆڤ، یەک زانستی بوونیجۆرێک مرۆڤمان دامەزراندووە، کە بتوانێت بنەڕەتی گشتیی تەواویئەم تەکنیکەکانی مرۆڤ بێت؟

---

[٩٢]. مەبەستی فوکۆ لەم وەڵامە پەیوەندیی هاوشوناسییە لە مانا لۆجیکییەکەیدا. بەڵام فوکۆ کە هەمیشە ڕەخنەکاری گریمانەی «هاوشوناسی»یە، لە گفتوگۆیەکدا لە ١٩٨٢ کە دوو ساڵ دواتر چاپ کرا، بە ڕوونی دەڵێت کە: «ئەو پەیوەندییانەی کە دەبێت لەگەڵ خودماندا دایانبمەزرێنین پەیوەندیی هاوشوناسی نین؛ بەڵکە دەبێت پەیوەندیی جیاوازیدانان و خەلاقییەت و داهێنان بن». بگەڕێنەوە بۆ:

Michel Foucault, une interview: sex, pouvoir et la politique de «M. Foucault, , entretien avec B. Gallagher et A. Wilson, dans DE II, n 358, p. 1558.»l’idetité

[93]. les techniques de mémorisation/mnemotechniques

**پرسیاری بیستەم**: وا دابنێ کە کەسێک بڵێت کە ئەم کێشەیەت واز لێ هێناوە بەر لە گەیشتنی و بۆ نموونە، بایۆلۆجی بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بنەڕەتێک بوو بۆ زانستی پزیشکی، و دەکرێت بگوترێت کە بەراوردکردنی بایۆلۆجی وەک بنەڕەتێک بۆ زانستی پزیشکی لەگەڵ فیزیکدا وەک بنەڕەتێک بۆ ئەندازیاری بەراوردکردنێکی بەجێ نییە. وتویانە کە «با پزیشکی لەبیر بکەین، چون هێشتا دەربارەی پزیشکی دەستمان نەگەیشتووە بە ئەو جۆرە فیزیکە کە دەربارەی ئەندازیاری دەستمان پێ گەیشتووە.» و ڕەنگە کەسێک بڵێت کە هێشتا زۆر زووە. ئێمە هێشتا ئەوەندە لە بایۆلۆجیدا پێش نەکەوتووین کە بتوانین بەرمەبنای بایۆلۆجی زۆرێک لە کارەکانمان پاساو بدەینەوە؛ و وا دابنێکە کەسێک بڵێت «ببینن هەموو ئەمانە نیشانی دەدات کە هێشتا کارگەلێکی زۆرمان ماوە کە بیکەین.» لە ڕاستیدا، ڕێکارگەلێکی تەواو نوێ هەیە، جۆرە تازەکانی تیۆرییەکان لە دەروونناسی یا لە زانستە مەعریفییەکاندا و هتد. ئایا پێت وایە وەڵامی گونجاو ئەمە نییە کە دەبێت جەخت بکەین لەم بارەوە ئێمە لە دۆخێکی جیاوازی پەیوەندیی فیزیک و ئەندازیاری یا پزیشکی و بایۆلۆجی جێمان گرتووە؟

**فوکۆ**: پێم وایە ئەمە نموونەیەکی باشە. بە سەرنجدان لە پەیوەندییەکانی بایۆلۆجی و پزیشکی، زۆر باش دەبینین کە بنەڕەتی تەکنیکەکانی پزیشکی نەک بەپێی پزیشکی، بەڵکە لە بایۆلۆجیدا دەیدۆزینەوە. و بە هەمان شێوە، دەتوانم بڵێم ڕێگەیەک کە تێیدا گرفتی بوونی جۆرێک مرۆڤ لە چەندین سەدە لەمەوبەر بەدواوە لە ڕێگەی ئەم هێرمنۆتیکی خودەوە بیچمبەندی و فۆرمیولە کرا ناتوانێت بنەڕەتی ئەم جۆرە تەکنیکانە بێت، بەڵام ڕەنگە بتوانین بنەڕەتێکی زانستی بۆ ئەم تەکنیکانە لە بایۆلۆجی و ئەندازیاری و هتدا بدۆزینەوە، بەڵام لە چوارچێوە و لە فەرهەنگێکی بەدەر لە هێرمنۆتیکی خود. بە دەربڕینێکی تر، گریمانەی بنەڕەتیی هێرمنۆتیکی خود ئەمەیە کە ئێمە دەبێت لە خودماندا

هەقیقەتێکی قووڵ بدۆزینەوە کە پەنهان کراوە و دەبێت ڕەمزشکێنی[94] بکرێت وەک چۆن کە یەک کتێب، کتێبێکی نارِوون، کتێبێکی پەیامبەرانە، کتێبێکی خودایی دەبێت ڕەمزشکێنی بکرێت؛ و پێم وایە کە ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە دەبێت لێی ڕزگار بین. و ڕەنگە ئێمە ڕۆژێک بتوانین، بۆ نموونە، ڕێگەیەک بدۆزینەوە بۆ گەشەی تەکنیکە پەروەردەییەکان، ئەویش بە سوودوەرگرتن لە بایۆلۆجی و ئینفۆرماتیکو هتد؛ بەڵام نەک لە فەرهەنگێکدا کە لە لایەنی مێژووییەوە هێرمنۆتیکی خودشکڵگیر و بیچمبەندی کردووە. ئەمە بە هیچ شێوەیەک ڕەخنەیەک نییە دژ بە تەکنیکەکان و زانست و هتد.

**ب. کۆڕ:** پێم وابوو کە لە دیدگای تۆدا کارەکانی پیاژە خەسڵەتی ئۆبێکتیڤیان هەیە. و پیاژە لە دامەزراندنی یەک زانستی ئۆبێکتیڤی خود ڕۆڵی هەبووە. بەڵام وا دەردەکەوێت کە ئێستا پێچەوانەی ئەوە دەڵێیت، چون ئەم کارانە بەشێکە لە ڕێکاری زانستە مرۆییەکان. ئایا لێرەدا جۆرێک لێکدژی بوونی نییە؟

**فوکۆ:** نەخێر، پێم وانییە کە هیچ لێکدژییەک بوونی هەبێت. دەبێت بڵێم کە پیاژە دەتوانێت ئۆبێکتیڤ بێت، چون ئەوەی کە پیاژە دەیەوێت بیکات- یا بە لایەنی کەمەوە ئەوەی کە دەتوانین دەربارەی کاری ئەو بیڵێین- بەدەستەوەدانی یەک وەسفکردنی ئۆبێکتیڤی ئەو شتەیە کە گۆڕان و پەرەسەندنی منداڵەکانە لە کۆمەڵگەکانی ئێمەدا و هتد. و ئەمە ئۆبێکتیڤە. ئایا پیاژە بە ڕێگەی خۆی دەتوانێت ئێمە بگەیێنێت بە بەشێک یا یەک تەواوێتیی*زانستی* جۆری مرۆڤ؟ باشە دەتوانم بڵێم نەخێر.

**ب. کۆڕ:** کەواتە تا ئەو شوێنەی کە ئێمە بە ڕێگەیەک لە ڕێگەکان بووینەتە ئۆبژە، ئەو بەهرەمەند بووە لە زانستە ئۆبێکتیڤەکان....

**فوکۆ:** نەخێر. لەبەر ئەوەی کە یەک زنجیرە، یەک کۆمەڵەی کردار- کرداری مێژوویی و کۆمەڵایەتی و هتد- بوونی هەیە کە یەک پانتایی ئۆبێکتیڤیتەی ڕەخساو، یەک پانتایی

94. deciphered

ئۆبژە ڕەخساوەکان پێناسە دەکەن، کەواتە پیاژە بە تەواوەتی دەتوانێت وەسفکردنێکی ئۆبێکتیڤی ئەم ئۆبژانە بەدەستەوە بدات. بەڵام گرفت ئەمەیە کە لەگەڵ ئەم وەسفکردنەدا ئایا بڕگەیەک یا بەشێک یا توخمێکی زانستی جۆری مرۆڤمان لەبەر دەستدایە؟ ڕوونە؟

**ب. کۆڕ**: بەڵێ زۆر ڕوون، مەمنون.

**پ. بیست و یەکەم**: تۆ وتت کە دەسەڵات یەک پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکانە، و مرۆڤەکان دەتوانن تاکەکان بن یا نەبن؛ و لە دیدی تۆدا، دەسەڵات بە دڵنیاییەوە فۆرمگەلێکی زۆری هەیە. لە خۆم دەپرسم کە لە نێوان ئەم فۆرمانەی دەسەڵاتدا، ئایا دەشێت پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤەکان و شتگەلێکی بەدەر لە مرۆڤەکان بۆ نموونە دامەزراوەکان، یا ئایدیاکان، یا ڕەنگە شتە مادییەکان[95] بوونی هەبێت کە هەمان ئەو کاریگەرییانە دابنێت کە پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤەکان دایدەنێت. ئەم جۆرە پەیوەندییانە ڕەنگە لەو جۆرە پەیوەندییانە بن کە سەروەرییەکی کەمترمان بەسەریاندا هەیە و توانایییەکی کەمترمان هەیە بۆ گۆڕینیان.

**فوکۆ**: بە گومانم دەبێت جیاکارییەک بکەین... نامەوێت سەبارەت بە شتە مادییەکان قسە بکەم، و پێم وایە ئەم گرفتە بە تەواوەتی جیاوازە. بەڵام بۆ نموونە با ئایدیاکان لەبەرچاو بگرین. کاتێک کە ئێوە دەڵێن ئایدیاکان دەسەڵاتێک پیادە دەکەن، بە باوەڕی من ئەم وتەیە تەنها میتافۆرییە. ئێوە دەتوانن بڵێن کە ئایدیاکان کارتێکەرن یا کاریگەری دادەنێن، بەڵام ئەمە بە چ مانایەکە؟ بەم مانایەیە کە کاتێک کەسێک سوود لەم ئایدیایانە وەردەگرێت، یا ئەم ئایدیایانە دەردەبڕێت- لەبەر ئەوەی کە ئایدیاکان پەسەندکراون یا لەنێوان کۆمەڵێک مرۆڤی دیاریکراودا هاوبەشن-کەواتە ئەو دەتوانێت سوود لەم ئایدیایانە وەربگرێت بۆ ئامانجێکی دیاریکراو؛ و بەم پێیە، پەیوەندییەکانی دەسەڵات بوونی هەیە. بەڵام تەنها کاتێک دەتوانرێت قسە لەسەر دەسەڵات بکرێت کە مرۆڤەکان ئەم پەیوەندییەکانی دەسەڵات پیادە

95. physical objects

بکەن. بە باوەڕی من ئایدیاکان بەخودی خود هیچ دەسەڵاتێکیان نییە. دامەزراوەکانیش بە خودی خود هیچ دەسەڵاتێکیان نییە. و ئەگەر دەسەڵاتێکیان هەیە، ئەوا لەبەر ئەوەیە کە کۆمەڵێک مرۆڤ حوکم بەسەر ئەم دامەزراوانەدا دەکەن. ڕوونە، نا؟

**پ. بیست و یەکەم:** کەواتە پێت وایە کە دەشێت ئایدیاکان و دامەزراوەکان، بە چەند ڕێگەیەک کە بۆ ئێمە شیاوی دەرککردن نین، بێنە ناو پەیوەندییەکانی دەسەڵاتی نێوان مرۆڤەکانەوە؟ واتە تەنها بەم جۆرە نییە کە تاکەکان سوود لە ئایدیایەک یا دامەزراوەیەک وەردەگرن بۆ پیادەکردنی دەسەڵات، بەڵکە ئایدیا یا دامەزراوە دێتە ناو ئەم پەیوەندییەوە، و ئەمە شتێکە کە دەکەوێتە دەرەوەی باڵادەستبوون و وێناکردنی ئێمەوە...

**پ. بیست و دووەم:** لەم حاڵەتەدا، ئایا ئەم ئایدیا یا دامەزراوەیە توانایەکی تایبەتی خۆی هەیە؟

**پ. بیست و یەکەم:** بە یەک مانا بەڵێ.

**پ. بیست و دووەم:** ئایدیاکان و زمانەکان چ جۆر؟

**پ. بیست و سێیەم:** کاتێک کە قسە لەسەر مەسیحییەت و ڕۆڵی دانپێدانان دەکەیت،

**ب. کۆڕ:** ئەمە دواهەمین پرسیارە، بەردەوام بن.

**پ. بیست و سێیەم:** بەڵێ، کاتێک کە قسە لەسەر مەسیحییەت و ڕۆڵی دانپێدانان دەکەیت، ئایدیای ڕزگاری[96] هێزێکی پاڵنەرئاسا و جووڵێنەرە. کەواتە ئایا ناتوانین بڵێین کە ئایدیای ڕزگاری کەلە مەسیحییەتدا پاڵنەری دانپێدانان و پاساودانەوەی «چاوپۆشیکردن لە خود یا خود-قوربانیکردن»ە، هێز و ژیانێکی تایبەت بە خۆی هەیە؟

**فوکۆ:** ئایا پێتان وانییە ئەمەی کە یەک ئایدیا بەخودی خود هیچ دەسەڵاتێکی نییە شتێکی ڕوونە؟ دەشێت ئەم ئایدیایە پەسەند بکرێت... بەڵێ، تێگەیشتن لەم خاڵە ئاسانە، دەشێت فریودەر بێت، دەشێت پەسەندکردنی ئەم ئایدیایە سوودێکی دەروونناسانەی هەبێت و

[96]. the idea of salvation

چی و چی[97]. هەموو ئەمانە دەتوانرێت بگوترێن. بەڵام ئەمەی کە ئایدیا بتوانێت یەک دەسەڵات پیادە بکات، نەخێر. دەبینن، وشەی «دەسەڵات» وشەیەکی سەیر و ترسناکە- و ئەڵبەتە من یەکێک بووم لە قوربانییە زۆرەکانی وشەی «دەسەڵات» (دەنگی پێکەنین)- بەڵام ئەگەر دەمانەوێت ئەم هەرێمە، ئەم هەرێمە تایبەتەی کردارە هاوسەنگەکان[98]ی تاکەکان شیکار بکەین، کردارە هاوسەنگەکان لەم لایەنەوە کە کەسێک دەتوانێت بە مەبەستی یەک ئامانجی دیاریکراو کاریگەری بخاتە سەر کەسێکی تر یا کردە بەسەر کەسێکی تردا پیادە بکات و هتد، ئەگەر دەمانەوێت ئەم هەرێمە جیا بکەینەوە، ئەڵبەتە ئەم هەرێمە پەیوەستە بە هەرێمەکانی ترەوە، بەڵام ئەگەر دەمانەویت ئەم هەرێمە شیکار بکەین، ئەوا ناچارین وەک یەک گرفت جیای بکەینەوە، کەواتە لەم حاڵەتەدا پێویستە پێناسەیەکی تا ڕادەیەک سنووورداری وشەی «دەسەڵات» پێشکەش بکەین و ناچارین ڕزگار ببین لە تەواوی بەکارهێنە میتافۆرییەکانی ئەم وشەیە. و ئەمەی کە ئایدیاکان بەخودی خود خاوەنی دەسەڵاتن، بە باوەڕی من تەنها بەکارهێنانی میتافۆرییە.

**ب. کۆڕ:** کاتژمێر شەشە؛ قسەکردن بە زمانی بێگانە زۆر سەختە؛ و من دڵنیام کە تۆ ماندوویت و زۆر سوپاست دەکەم.

---

[97]. «ئێوە دەتوانن بەڵگەیەکی سایکۆلۆژیکی و چی و چی بۆ پەسەنکردنی ئەم ئایدیایە بهێننەوە.»

[98] Interactions .نێوان-کردە:

**سەرچاوەی وەرگێڕانی ئەم کتێبە:**

میشل فوکو، خاستگاه هرمنوتیک خود (سخرانیها در کالج دارتموت ۱۹۸۰)، ترجومەی نیکو سرخوش و افشین جهاندیده، چاپ اول، تهران، نشر نی، ۱۳۹۵.

Michel Foucault, About the Beginning of the Hermeneutics of the Self, Lectures at Dartmouth College 1980, translated by Graham Burchell, Edition Established by Henri-Paul Fruchaud and Daniele Lorenzini, the University Chicago Press, 2016.

Michel foucault, The Politics of Truth, translated by Lysa Hochroth and Catherine Porter, Edited by Sylvère Lotringer, Inrtoduction by John Rajchman, semiotext(e), Los Angeles, 2007, p. 147-169.